قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا... نووسینی: دانا حمید

هەنگاو لە سەرەتایی پەیدابوونی ژیان لەسەر زەوی و بوونی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەمین ڕووبەڕووی چەندین هەوراز و نشێو، خۆشی و بەختەوەری، درم و پەتای درژخایەن بووەتەوە کە کاریگەری منفی لەسەر ئابووری و بژێوی دانشتوان دروستکردوە... بەڵام ئەوەی ئەوی ئەمە مەبەستمانە، لێرەدا بەتایبەت ئەم پەتایە واتە ڤایرۆسی کۆرۆنایە. وە ئەم نەخۆشییە کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر دەوڵەتانی جیهان چییە؟ وە لەکۆتکانی لەسەر مرۆڤ و ئینسانیەت چییە؟ وە چۆن بتوانین ڕووبەڕووی ئەم دەردە بببینەوە و خەمانی لەبیارزین تا ئەوەی لانی کەم ئینسانیەت بە کەمترین زیان و ناخۆشی لە دەست ئەم ڤایرۆسە نەجاتی ببەت.
جا ئەوەی مەبەستی ئەمەیە لەم نووسینەدا ڤایرۆسی کۆرۆنایە و چۆن بتوانین پێش بگرین بەم ڤایرۆسە و بە کەمترین زیان لە دەستی دەربچین. ئەم نەخۆشیە سەرەتا لە شاری وهانی چین بڵاوبووەوە، کە نزیکەی (١٢) ملیۆن ئینسانی تیادا دەژێت، وە یەکێکە لە شارە ئابوورییەکانی وڵاتی چین و ٦ەژێی (٦٠%) ئابووری چین، وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لەم شارەوە بۆ چین و دەرەوەی چین هەناردە دەکرێت. چەندین هەکار هەبوو لەسەر پەیدابوونی ئەم ڤایرۆسە لە چین، ئەمە زۆر ناچینە ناوەڕۆکی ئەم هەکارانەوە و وردودرشتی بە دوایی ڕووداوەکە بەجێهێڵین و دواتر ڕوون ئەبێتەوە کە چەندین هەکاری دیار و پەنهان هەن کە دەرخەری ڕووداوی نەخۆشییەکەن. چونکە ئەوەی کە گرنگە بزانین لەکۆتە ئابووری و سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و دەرونییەکانی ئەم پەتایە لەسەر مرۆڤ و چێنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی، وە بەرپەگرتنی بۆ ئەوەی لەوە زیاتر مرۆڤایەتی نەبێتە قوربانی ئەم دەردە ترسناکە کە بەشەویەک جیهانی تووشی شۆک کردوە جۆرێک لە "وەستان و مەنگبوون"ی دروستکردوە کە زیانێکی گەورەی ئابووری و سیاسی و تەندروستی و دەرونی لە سەرجەم مرۆڤایەتی داوە.

ئەم نەخۆشییە سەرەتا لە شاری وهانی چینەوە سەریهەڵدا و وە بە چەندین شێوەی تر باسی ئەکەن، هەندێ ئەڵێن لە گیانەوەرەوە گوزراوەتەوە بە ئینسان. وە هەندێ تر ئەڵێن لە زانکەی وهانی چین تاقیکردنەوەی لەسەر ئەم ڤایرۆسە کراوە و پاشان لەدەست دەرچووە،

هەندێکی تر ئەمن جەنگی ئابوریە کە ئەمریکا لە بەرامبەر چین پەیڕەوی ئەکات بۆ ئابوری چینی پە لاواز بکات، چونکە ئێستا ئابوری چین زۆر بە شێوەیەکی بەهێز و ناوازە بازاڕی ئابوریی و بازرگانی و پیشەسازی جیهانی داگیرکردوە. ئەمش جۆرێک لە دژدەنگی لای بەرپرسانی ئەمریکی دروستکردوە کە ئەبێت بەهەر شێوازێک بە بەر بەم شاڵاوە ئابوریە بەهێزەی چین بگرن و نەهێڵن لووە زیاتر پەلبهاوێت.
ئێوەی کە گرنگە لەسەر وڵاتانی جیهان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم نەخشەیەدا بکەن، واتە نابێتە هۆکاری ئەوەی ترس و تەقین بەاوبکرێتەوە و خەڵک زیاتر بترسن لێی.. هەموو دەوڵەتانی جیهان بەیگری ئەوە ئەکەن کە ئەم نەخشەیە پێیان ڕاگات کە پێشیان گرتبێت سەرتا ئەرکی دەوڵەتە لە ڕاگەی وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەتەکانی تر لینکێک دروست بکەن کە بەربەستێک لەسەر ئەو خانانەی کە پەیوستە بۆئەوەی کە ڕێنمایی و ڕاهنمایی هاونیشتیمانیان بکەن لەڕاگەی یەک کاناڵی فەرمییەوە ڕۆژانە ئامارەکان بەاوبکاتەوە و ئامۆژگاری خەڵک بکەن کە کەمترین بەریەککەوتنیان هەبێت تائەوەی هیچ نابە دژگەین بە پلەکانی گەرما و مەترسی بەاوبوونەوەی ڤایرسەکە کەمتر ئابێتەوە.
ئێستا نەخشیەکە گۆشتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئێران ناوەندی سەرکیە بە بەاوبوونەوەی نەخشیەکە، ئومێدەوارین ئەم نەخشیە لە ئێرانی دراوسێمان لووە زیاتر تەشەنە نەکات و لەڕاگەی دەوڵەت و ڕێنمایی تەندروستییەکانەوە لەناوببرێت، وە کەمترین ڕۆژی مەرگ تۆمار بکرێ و وە ئەو هاوڵاتیانەی تووشی پەتاکە بوون بە زووترین کات چاکببنەوە و ئومێدی ژیانێکی باشتر و شایستەتریان بە بخوازین. چونکە ئەم نەخشیە لووە زیاتر تەشەنە بکات زۆر زووتر دەگاتە لای ئەمش چونکە کوردستانی باشور زۆرترین سنوری جوگرافی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا هەیە و چوار مەرزی دەولی هەیە لەگەڵ ئێراندا کە مامەڵەی ئابوری و بازرگانی تێدا دەکرێ، سەرەڕای چەندین مەرزی لاوەکی تر.
ئەم نەخشیە کاریگەری زۆری لەسەر دەوڵەتان و ئینسان هەیە، بەداخەوە کاریگەریەکەی هەمووی سلبییە لە ڕووی ئابوری، سیاسی، تەندروستی، دەرونی و کۆمەڵایەتییشەوە... ئەوەی بە ئەمە گرنگە لە ڕووی ئابوری و سیاسی، تەندروستی و دەرونییەوە خوەندنەوە بە ئەم پەتایە بکەین، ئەویش لەڕاگەی پسپۆڕی هەرێک لەم بوارانەوە. بەڵام ئەوەی کە من ئەینووسم لەسەر ئەم پەتایە شتێکی سەرتاییە دەکرێ زۆر باشیش نابە بەڵام هیچ نابە سەرتاییەکە بە ئاوەدانەوەی لایەکی نەخشیەکە، وە پسپۆڕانی هەرێک لەو بوارانەوە، نووسین و قسەی

خەیان بکەن. گومان لەوەدانییە کە ئەم پەتایە دەبەتە بابەتی رۆژانە و لە ئایندەدا چەندین کتێب و وتار و فیلم و مستند و رۆمان و بابەتی پزیشکی بە قوڵی لەسەر دەنووسرێت. ئەوەی گرنگە کە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدایە کە تەنها ڕێگەی چارەسەرکردن لەم قایرۆسە تەنها خۆپاراستنی تەندروستی و گرتنەبەری ڕێوشوێنە سەلامەتییەکانە. بەدەر لە ڕێنمایی تەندروستی چاوەکی ترمان بخەینە سەر لایەنەکانی تری نەخۆشیەکە، لە ماوەی پێشوودا (یورگن هابرماسی) فەیلەسوفی ئەڵمانی پێشنیاری دروستکردنی (صندونی هاوبەشی ئەوروپا) بە وڵاتانی ئەوروپا خستەڕوو، بۆئەوەی بتوانن بەهەموویانەوە کە کەمک و یارمەتی بە دەوڵەتانی تری یەکێتییەکە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکەدا هاوکاری ئەو دەوڵەتانەی پێبکەن. وە لە لایەکی ترەوە (یوڤال نوح هاراری) لە وتارێکی گرنگدا بەناوی (جیهانی دوایی کۆرنا) باوەڕی وایە قەیرانی نەخۆشی کۆرنا کۆتایی دێ، ئەوەی کارساتبارترە لە ئێستادا جیهان بە سەرکردەیە، واتە جیهانی ئێستا سەرکردەیەکی نییە بتوانێ لەپێناو قەیرانێکی جیهانی وەک بیماری کۆرنا دەستەیەکی گشتی دروست بکەن بە بەهاناوەچوونی جیهان و دەربازکردنی جیهان لەم نەخۆشیە. وە هاراری باوەڕی وایە ئەم قایرۆسە کۆتایی دێ بەڵام ئەوەی کۆشەی بنەڕەتیتر و سەرکیترە کە لەوانەیە زەرەری گەورەتری بەدوادابێ قەیرانی ژینگە و چەکی ئەتۆمییە، کە هەڕەشەی سەرکین لەسەر لەناوچوونی ژیان لەسەر زەوی. ئەوەی گرنگە لە دەرئەنجامدا کە لە هەموو ڕووکانەوە خوێندنەوە بە ئەم پەتای کۆرنامەیە بکرێ. بەتایبەت لایەنی (سیاسی، ئابووری، مەژووی، فەلسەفی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، فەرهەنگی، کۆمەڵناسی پزیشکی، دەروناسی پزیشکی و چەندین بابەتی تری ڕەخنەیی) لایەنە شاراوە و نادیارەکانی قایرۆسەکە ڕوون دەبەتەوە و خەڵک باشتر دەیناسین و خەیانی لێدەپارێزن.

کاریگەری و لێکەوتەکانی قایرۆسی کۆرنا:
لەسووی ئابووریەوە:

لەو کاتەوەی ئەم نەخۆشیە لە شاری وهانی چین سەریهەڵدا و پاشان بە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبوویەوە، ئەم قایرۆسە بە شێوەیەک بەرپرسانی وڵاتانی توشی شۆک کردوە نازانن چی بکەن؟ وە ئابووری جیهانی بە جۆرێک لاواز کردوە کە هاتن و ڕشتنی لە نێوان وڵاتاندا پێکخستووە… ئەم نەخۆشیە هەندە سەرچاوە ئەگەن: بە بڕی (٣ بۆ ٥) ملیار دۆلار زیان و زەرەری لە ئابووری جیهان داوە، وە وڵاتی چین پلەی یەکەمی بردەکەوە لەم زەرەرەدا. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی هاتوچۆ

و گۆشەی ئابووری وەستاندوە و جارە: لە "شۆکی ئابووری" دروست کردوە. ئایا دەکرێ ئەم نەخشیە کۆتایی بە یان لە کاتی تر و ئایندەی تردا خەی دەربخاتەوە بەناوی تر و بە شێوازی تر.
شۆکی ئابووری ئەم قایرەسە تائەندازیەک گەردونییە چونکە زەربەی وەتانی جیهانی گرتۆتەوە و پۆتاکە تیایدا بووەنی هەیە، ئەو وەتانەشی کە ئەم دەردەی تیادا نییە لایەنی تەندروستی و هەموو ڕەکارە زەروریەکانی تریان خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە، بۆئەوەی گەر ڕووی لە وەتەکیان کرد بە کەمترین ئازار و زیان لێزەربازی ئەم نەخشیەدا دەربچن.
ئەم پۆتایە لەدان و گورزە لە هەموو کەرتە ئابووری و تەندروسیەکانی تری دەوڵەت، کە سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە. کە تاادەیەک ئەمەش وادەکات گۆشەی ئابووری بوەستێ و جارە لە تەمبەڵی و بەرخۆری دروست بکات. ئەمەش نابە ناحەقی ئینسان بگرین چونکە گیان لە هەموو شتە خۆشویستر و ئینسان هەموو شتەک ئەکات لە پێناو مانەوەی خۆیدا بۆئەوەی زیاتر بژێت، ئەمەش مافێکی سەرەتایی خەی و ژیانەتی کە کەس ناتوانێ لەمەی بکا و بڕە تە بێت نیە بژیت.
ئەم دەردە جگە لەوەی کە گۆشەی ئابووری توشی وەستان و ڕکود ئەکات زەرەریش لە کەرتەکانی تریش دەدات، هەندە سەرچاوە ئەڵێن کە بە ڕێژەی (0%) گۆشەی ئابووری جیهانی کەمکردەتەوە و بگرە گەر نەخشیەکە زیاتر و درێژخایەنتربە ئابووری پاشکۆشەی زیاتر ئەکات.
ئەم نەخشیە بە پلەی یەکەم زیانی لە کەرتی "ئابووری تەندروستی" جیهان داوە، چونکە پێوەندیەکی ڕاستەوانە لە نێوان گۆشەی تەندروستی گشتی و گۆشەی ئابوورییدا هەیە، کە پێوەندی بە وجودی گشتی ئینسانەوە هەیە… لەبەرئەوەی پۆتاکە زیاتر تۆشنە بکات زیانی زەر لە ئابووری دەدات، لەم کاتەدا تەندروستی زەرەمەندی یەکەم ئەبە و تووشی وەستان ئەبە کەرتی تەندروستی. بەیە کەنترەکردن و هەیمەنەکردن بەسەر نەخشیەکەدا، ئەو وەستانە ئابووری و تەندروستییە تەکدەشکێنێ و تاادەیەک ژیان ئەگەڕێتەوە باری ئاسایی خەی. لە ئەنجامدا دەگەین بە قەناغەک کە (شۆکی ئابووری/ تەندروستی) ئەتوانرێت چارەسەر بکرێت.

لەووی سیاسییەوە:

ئەم نەخشیە لە ڕووی سیاسییەوە سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە و بە شێوازەک سیاسەتی دەوڵەتانی جیهانی توشی شۆک کردوە، کە نازانن ئەم پۆتایە سروشتییە و بە خەی دروستبووە یان جەنگی دەوڵەتانی زلهێز و ئابووری بەهێزە کە لە هەزی ڕەقەوە کە جاران دەکرا لە نێوان

دەوڵەتان ژمارەیەکی زۆر ئینسان تێدا دەکوژرا، ئێستا جەنگەکە شێوەی خۆی گۆڕیوە و لەجەنگی هەزی نەرمەوە دەوڵەتان بۆرامبەری یەکتر ئەنجامی ئەدەن. ئەمەش ئایەکە ناتوانین بڵێن: بەتەواوی دروستە چونکە دەکرێ قایرەسەکە سروشتی و گوزراوەبە یان لە شاری وهانی چین لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە باس دەکرێ بەاوبووبێتەوە. یان قایرەسەکە جەنگەکی ئابووری زۆر بەهێز و درێژماودابە لە نێوان بلۆکی سەرمایەداری بە ئابڕایەتی ئەمریکا و بلۆکی کۆمۆنیزم بە ئابڕایەتی چین، ئێستا بەشادیەک ئابووری چین بازاڕەکانی جیهانی داگیر کردوە کە بووەتە مەترسی بە سەر ئابووری ئەمریکا پێشبینی دەکرێ چین بەو سیاسەتەی پەپڕەوی دەکات لە بواری ئابووریدا پێش ئابووری ئەمریکا بکەوێ و ببێتە یەکەم زلهێزی ئابووری/ سیاسی جیهان. کە ئەمەش گۆڕزێکی کوشندەی فرەپڵۆپێیە بە سەر جەمسەری سەرمایەداری کە ئەمریکا ڕابەرایەتی ئەکات. تا ئێستا قایرەسەکە تێشکنەی بە زۆر وەاتدا کردوە و جۆرەی تاشادیەک لە سەرجەم ئەو وەاتانەی کە دەخی ریزپەڕە و نائاساییان ڕاگەیاندوە، بەاوبووتەوە و و سیاسەتی وەاتانی ناچار کردوە کە پیاچونەوە بە هەموو سەکتۆرەکانی وەاتدا بکەنەوە بەتایبەت و سیستەمی تەندروستی و چاکسازی تێدابکەن. کە ئێستا جۆرێک لە سیاسەتی دەولی لە جیهاندا بەسەر دەوڵەتانی هەژاردا پەیڕەو دەکرێ و کە لەووی سیاسیی و ئابوورییەوە لاوازن. وەاتانی بەهێز ، هەزی خۆیان بەسەر وەاتانی هەژار و لاوازدا جێبەجێ ئەکەن کە ئەبە جۆرێک لە پاشکۆیەتی بە لەووی سیاسیی و ئابوورییەوە بە وەاتانی بەهێز بکەن.

موعەما و مەغزای ئەم قایرەسە ماجراکەی نادیار و تولکەشە، وە لەم ڕۆژانەی دوایدا، وتەبێژی چین، ئەمریکای بە دروستکەری قایرەسەکە تاوانبار کرد و ڕاگەیاند: ئەم کارنایە بێئەوەبە (ئابووری سیاسیی) چین پێ لاواز و هەژار بکات. یان بەپێی زانیاری ئەو هەواڵانەی کە لە ئێران بڵاوئەکرێتەوە ئەڵێن: قایرەسی کارنا کە لە ئێران تووشی هاوەاتیان ئەبە دوو جۆرە بە تایبەت ئەوەی لە شاری قوم بڵاوبووتەوە و خەڵک موبتەلای بووە بەای پزیشکانی ئێرانی ئەڵێن سەرچاوەی ئەم ڤیرەسە هەمان قایرەسی وهانی چینە. بەڵام پزیشکانی ئێرانی باوەڕیان وایە: جۆری ئەو قایرەسەی تر کە لە شاری ڕشت و گیلان خەڵکی توشکردوە جیاوازترە لە قایرەسی قوم، چونکە پێیان وایە ئەمەی ڕشت و گیلان زۆر بەهێزترە و ئینسان بەرگەی ناگرێ، وەک ئەڵێن ئەم قایرەسە جۆرێکە لە چەکی ڤیرەسی (بیۆژنیتیک) کە وەک چەکەکی کوشندە کە ئەمریکای پێتاوانبار ئەکرێ لە لایەن ئێرانەوە دژ بە ئێران بەکاردەهێنرێت. وەک ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی ئاشکرای

کرد، ئێستا نەخۆشیەکە جیهانییە و پەیوەستی بەووبەروبوونەوەی هەموو وڵاتان هەیە بە بڕگرتن بە نەخۆشییە کە ئەبێ بە خەپاراستن و کەرەنتینە کردنی هاوڵاتیان خۆیان لە ماڵەکانیان وەک ئەوەی لە وهان کرا و سەرکەوتن بە قایرەسەکەدا راگەیەنرا، وەرە و ئیرادەی هەموو میللەتی پەیوستە ئەویش بوونەکرێ کە دەوڵەت لەووبی سیاسییەوە پاڵپشت و یارمەتیدەری هاوڵاتیان بێت. چونکە وەک تەندروستی جیهانی ئەڵێ: ئێستا درەکە بە (گۆباڵ پاندمیک) ناوزەد کراوە لەبەرئەوەی زەربەی شوێنەکانی جیهانی گرتۆتەوە و پەوستی بە هەماهەنگی هەموو جیهان هەیە کە تا کەتاچرکە کە بنبڕدەکرێت.

لەووی تەندروستییەوە:

پەتای کەرەنا بە ماوەیەکی کەم گشتە زەربەی وڵاتانی جیهان، چی هەکارەکە وادەکات کە ئەم نەخۆشییە ئەوەندە ترسناک باس بکرێ و زەربەی دەوڵەتان بکەوێ خەئامادەکردن و رووبەووبوونەوە لە بەرامبەر ئەم پەتا کوشندە و تائەندازیەک چارەسەرنەکراوەدا، جگە لە خەپاراستنی تەندروستی و پاکوخاوێنی و سەلامەتی گشتی هیچ قاکسینەکی چارەسەرکراو بە قایرەسەکە نەدەزراوەتەوە. ئەم نەخۆشییە ووی کردەتە هەر وڵاتێک جۆڕی ئینسانی و ئەوانەی تری پەخستووە، واتە جەرەک لە "وەستانی مەردوو"ی هەیە کە ئینسان بەوەڵام دەهەڵەتەوە لە بەرامبەر ئەم نەخۆشییەدا کە بەواری هەناسەدانت لەدەبێ بە بیرکردنەوە بە دەزینەوەی چارەسەرکەکانی و تا دەگەیت بە ئەنجامێک بتوانرێ رەگریەکانی بەردەمی نەخۆشیەکە دەسنیشانبکرێ و هەوڵی بنبەکردنی بدرێت.
لەم پەناوەدا کەرتی تەندروستی زەرترین و قورسترین ئەرکی مرۆیی و ئینسانی مەژوویی لەکێ گرتووە، دەوڵەتان لەگەڵ کەرتی تەندروستی، دکتەر و پەرستاران و کارمەندانی تری ئەم کەرتەوە وەک سەربازێکی بێخلاق و خاوەن ویژدان بەماندووبوون شەو و ڕۆژ دەخەنەسەر یەک بۆ ئەوەی گیانی مرۆڤکان لەو نەخۆشییە رزگار بکەن و بیخەنەوە سەر هەچکەی ژیانکردن.
ئێستا کەرتی تەندروستی تەنها ئەوەی لەبەردەستدایە بەڵێنماییکردن و خەپاراستن لەو نەخۆشیە، سەرجەم ئینسانەکان ئامۆژگاری بکات کە تەنیا ڕێگای چارەسەر تاوەکو ئێستا ئەوەیە بە پاکژی و خەپاراستن لەو نەخۆشیە خەمان بپارێزین، واتە هەموو شتێک لە دەرچوون و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسانی تردا کەمبکەینەوە تاوەکو بە دڕئەنجامێک دەگەین کە نەخۆشیەکە لەناودەچێت. دەبێ هەموو مرۆڤایەتی بە ئاواتی ئەوە بێ کە دەرمانەیان قاکسینێک دروست بکرێ

کە بتوانرێ قایرەسکە لەناوببات... بەڵام لە کۆتاییدا هەر کەرتی تەندروستییە کە بار بەم نەخۆشییە بگرێ و ئومێدکی دەستەجەمعی بەسەرجەم مرۆڤایەتی ببەخشێت کە ڤاکسینی چارەسەرکردنی قایرەسکە دەزراوەتەوە. واتە لە کۆتاییدا تەندروستی ببێتە ترسکایی ئۆو ئومێدێ بە سەرجەم ئینسانیەت و بۆتایبەت ئینسانە نەخۆشکانی ژێردەستی ئەم پەتا کوشندە و تارمایئاسایە.

لەووی کەمەایەتی/ دەرونییەوە:

ئەم قایرەسە گومانی تێدانییە وێ دەرد و بەڵایکی گەردونی سەرتاسەری جیهانی گرتوەتەوە، لەم سەنگەیەوە شکی کەمەایەتی و دەرونی بەپلەی یەکەم لەسەر ئینسانەکان دروست ئەکات. ئەوەی ئەم بەڵایە دروستی ئەکات شکی دەرونییە خێی دەبینێتەوە لە کەمەک حاڵەت لەوانە: (قەڵەقی، دڵەڕاوکێ، بێهێزی، نائومێدی، بێخەوی، وەسواسی، بێخواردنی، سەرئێشە، لاوازی تەواوەتی لەسەر جەستەی ئینسان...هتد) ئەم پەتایە لەووی دەرونییەوە بە پلەی یەکەم کاریگەری گەورەی لەسەر ئینسان ئەبێ، هەندێ کەس بەئەوەی نەخۆشییەکەی هەبێ لەووی دەرونییەوە رووخاوە، هەست ئەکات کە نەخۆشییەکەی تووشبووە ئەمەش وائەکات ئەو ئینسانە خەفەت و دڵتەنگییەکی زۆر دایبگرێ و ئارەزووی هیچی نەمێنێت. ئەمەش وادەکات بەرگری جەستەی لاواز بێ و موعەرەز بێ بە توشبوون بە پەتاکە. لەو کاتەدا پێویست دەکات کە کەرتی تەندروستی لەگەڵ هێنانی دکتۆری دەرونی و بەرنامەی تایبەتی دەرونییەوە کەمەگا و تاکەکان هۆشیار بکرێتەوە لەوەی کە نەهەرەت هەرکەس لەخۆیەوە قسە و وتار بدات. بەئاستەکردنی کەمەگا لەگەڵ هۆشیاری و ئاگایی تەندروستی و سەلامەتییەوە، دەکرێ رێگری لەو پەتایە بکرێ، وێ چارەسەری کاتی لە ئایندەدا چارەسەری درێژخایەنی بێ بەدەرێتەوە. ئەم نەخۆشییە کۆشێیکی زۆر ئاگزی هەیە کە "ترسکی دەستەجەمعی" دروستکردوە کە پێویستی بە هۆشیارێکی دەستەجەمعییە لە بەرامبەر ئەو ترسەدا بتوانین بە چەندین کەنال و بەرنامە و ئامێژگاری و چەندین چارەسەری تر... خەڵک بگەڕێنینەوە باری ئاسایی ژیانی خێی و گەڕانە کاتی ئاسایی خێی بگەڕێبکات.

کەرنا و سینەما و دیواری سەر باڵەخانەی کۆلاوکەی گاوران … نووسینی: بەکر ئەحمەد

ئەم وێنەیەی ژێرەوە، ئاگرچی بەشی سەرەوەی ئەم وتارەی داگیرکردووە، دەکرێ لە کۆتایی وتارەکەدا، جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەری. لە راستیشدا هیچ شتێکیش رووندات ئاگر بەر لەخوێندنەوەی وتارەکەیش سەرنجێکی وردی بدەیتێ. دیمەنی پیرەزێیی و خەمۆشی تێکەڵ بە زەردەپەڕەو بەجوولەیی ناو وێنەکە، شتێکی تیایە کە نیگا بەخۆیەوە دەکێشێ.

بە کرێکی بابەتەکە.

هاژگارێک لە سوێددا کۆتاڵەگۆڵێک هەبووکە پییاندووت: لاپەرەزەردەکان. دەکرێ لە وڵاتە جەراوجێرەکانی دیکەی ئەوروپادا ناوێکی دیکەی هەبووبێت.

کوردواتەنی، شاخی مار و شیری چڵەکە لە دوو تووپی ئەو کۆتاڵەگەدا جێدەبووە. لە ئاستی سەراسەری و شار و شارۆچکانی دیکەی وڵاتدا، تەنێ دەتتوانی بە فلان کارخانە بگەڕێیت وناوی هەر "قادر قادر"ێکی کورد کە لە سوێددا دەژی و تەنازانی لە چ شارێکدا نیشتەجێیە، بە چاوخشاندنێکی خێرا بە لاپەرەکانیدا ، ئاسان بدەزیتەوە. ئاگەر زانیاریێکان دەربارەی کاک "قادر"، بە خواستی خۆ نەخرابێتە خانەی شاردنەوەوە بە مەبەستی پاراستنی کەسایەتیەوە.
گۆشەی نێت و دیجیتالیزەکردنی زانیاری و پیشکەوتنی ئەپلیکەیشنەکانی ناو مۆبایلە زیرەکەکان، کارێکی کرد کە لەمەدا ، لە هیچ کونج و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتەدا، دانەیەک لەو کۆتاڵەگانە نەدەزیتەوە.
ڕاژێک لەگەڵ برا بچکۆلەکەمدا، تەمەنی 50 ساڵێ لە ئیستادا و ئەم دوو ژمارەیەی تەمەنەکەی هەشتاش ئەو رزگارناکات لەوەی هەر برا بچووکی من بێت، پرسیاری کاریگەری گۆشەسەندنی دیجیتالیزەکردنی دنیامان دەکرد و کەوتین بەسەر باسی ئەو خزمەتگووزاریانەی کە لاپەرەزەردەکانی جاران و ئەپلیکەیشنە نوێکانی دنیای ناو مۆبایلەکان هەناویانەتە ئاراوە. بە کورتی: سەفەری بەدەستهێنانی زانیاری لە پەڕەی کاغەزەوە بە ناو شاشەی مۆبایلەکان.

لە شونکدا برا بچکلەکەم دەی: دەزانی کە کورد و خەلکی سلەمانی
لە پش سویدیەکانەوە بوون بە داهنانی لە چشنی بە دستهنانی
زانیاری کە لاپرە زردەکانی جاران دەیدایە خەلک، بەام نگبتی
کوردکان لەوەدایە کە ئەو داهنانیان بەو شیوازە
ناونووسنکردووە وەک ئەوەی لە سوید و ولاتکانی دیکەی خرئاوادا
کردوویانە. بە نموونە تمارکردنی ئەو زانیاریانە لە کوردستان لە
شکلی کتلگکدا نبووە و ئینسان ناشکرە بەوەی ئەم داهنانە لە
کتلگ نەنراوە، ئینکاری ئەم دستپیشخرییەی خەلکی شارە
حیاتکە بکات.
من سیرکی دکەم و سوپاسگوزارم کە دەمکە لە سوید دژیم و لە
برانبر ئەم شکرشکاندنەی براکەمدا، هیچ شتکی تناگرم و ئەویش
دەمبەخندە و بە حماستکی تووندەوە، خریکی بلگەهنانەویکی
زیاترە. ناچار لە شونکدا، دیوستنم و پیەەم: دکرە
نموونەیک لەو لاپرە زردانەی سلەمانیم بە بنیتەوە کە من
پمنزانیوە، یاخود نمبینیوە و دکرە لای جنابتان دستکەوە.

برا بچکلەکەم پنجا سانکەم ئاوا وەامدەداتەوە: رژگارک لە
حفتاکانی سلەمانیدا، خەلکی تلەفنییان بە ریستورانک دکرد و
ئەو خواردنانیان داوا دکرد کە دیانویست بیان بتە ماڵ، یان
دیانپرسی فلانە خواردنیان ماوە و دیانەوە کسک بنرن تا دوو
قابلەمەی بچووکییان بە پرکات.
ئەو کات متعەمی عەلی سوور، لە گەڵ متعەم سلەمانییدا کە
خاونکەی حاجی فتاح بوو، بە دوو لریستورانە گورەکانی سلەمانی
دژمردران. متعەمکەی عەلی سوور برانبر سینەمای ەشید بوو،
ئەوەی حاجی فتاحیش لە ئسحابسپی بوو. یادی بخر (عەلی سوور)
لسر کورسییەکەی خیەوە کە لە سووچکی نزیک هاتنژوورەوەی
ریستورانکەدا دانرابوو و پارەی وردگرت، هموو ئەو پانتاییە
گورەیەی دبینی کە بە سر درگا گورەکەی سینەماوە بوو و
پستکارت و ریکلامە گورەکانی فیلمکانی پیا هدەواسرا. گر
هاموش و قلەباغی سرشستکەی بردەم ریستورانکەش نبوایە،
گشیکی باشی ریکلامی فیلمکانی سینەما "سیروانیش"ی دبینی کە
کوتبووە کلانی خوارەوەی لقنتخانکەی خیەوە.
جار ناجارک مشتاری قشمە و ساختچی تلەفنکییان دکرد و
دیانپرسی ئاخۆ فلانە خواردنییان ماوە یاخود نا، بلام بر لە
کتایپهنانی ئاخاوتنکە بە عەلی سووریان دوت: زحمت نبت
سیرکی ئەو بریش ناکیت تا پمان بلییت چ فلیمیك ئیشدکا.
ئگر ریکلامی سر سووچکەی لای سعاتکیشت لی دیارە بشکم پمان

بڵێی، ریکلامی فیلمە یەنانییەکەی پەویە بە هەفتەی ئایندە؟
برا بچکۆلەکەم درۆزەی دەداتە و دەڵێ: من دڵنیام کە کەمەرەک جنیو لە کەتایی ئەم جارە ئاخاوتنانەدا دەکرێ بەیستری کە من نامەوێت تەماری بکەم. وەک دەزانن ئەو جنیوانە ئەوەندە تۆن کە ئەگەر وشکیش ببنەوە، نووسینەویان ئاسان نییە. من لە بەرزی ئاداب و ئەخلاقی زمانەوانی برا بچکۆلەکەم سەرم سووڕدەمێنێ، ئەو درۆزەی دەداتە و دەڵێ: بەگوومان ئەگەر داخوازیکردنەکانی کریاران بە خواردن جدیی بایە و کۆلەک و کووڵەکی هەرزەکارانەی لە پشتەوە نەبوایە، ئەوا عەلی سوور ناوی فیلم و پالەوانی فیلمەکانیشی بە مشتەرییەکانی دەگەراوە.
بەڵام خاڵی سەرەکی گەرانەوەی ئەم چیرۆکەی کاکم ئەویە کە ئەو زانیارییانەی لاپەڕە زەردەکانی جاران و ئەپلیکەیشنە تازەکانی ئەمڕۆ بە هاولاتیانی دەدا، 40 تا 50 ساڵیک لەمەوبەر لایەن "عەلی سووڕ"ەوە پیشکەشکراوە. وەلامدانەوە بەوەی کە چ خواردنێک دەستدەکەوێت و دەکرێ بگەنرێتە ماڵ یاخود نا، پەدانی زانیاری بەو کڕیارانەی کە دەیانەوێ بزانن چ فیلمێک لە سینەماکاندا نمایشدەکرێت و تەنانەت ئاگاداربوون لەوەی کە پڕۆگرامی هەفتەی ئایندەی سینەمایش چییە. بەدەستهێنانی کەمێک زانیاری گرنگ لە ئاخاوتنەکی تەلەفۆنی کورتدا.
هەستدەکەم بە ناهەق لە سەرەتای دامەزراندنی باسکەدا، خەریکبووم ڕەفتارێکی بڕاگەورانەی کوردی لەبەرانبەر بڕا بچکۆلەکەمدا ئەنجامبدەم و گوێ لە ئەرگومێنتەکانی نەگرم . بەڵام قسەکانی جەریکیش ڕاستی تێدایە و من ناچارم سوپاسی بکەم کە لە تەماڕکردنی مێژووی بەدەستهێنانی زانیاریدا، لە ڕێی ئەو نموونانەوە کە هینایەوە، شارەزایی ڕەلەکی گرنگی ونبووی هەبووە و ئەم گیرانەوەیەی منیش لەم وتارەدا، دەبێتە تەماڕکرنی مێژووی ئەم جارە لە خزمەتگووزاری کە بەشێک لە بناغە سەرەتاییەکانی کەمەلگایەکی بەکاربەرە.
بەڵام بەوەی هەشتا لە نزیک مەتعەمەکەی "عەلی سووڕ"ەوەین و چاومان هەشتا لەسەر ریکلامی حەوت بەتەنەکە و ترنتی و فیلمە یەنانییەکەی دونیە، با کەمێک بچینە کۆلانەکانی دوور لە سەرای سلیمانییەوە و لەوەوە سەیری پرسەی کیاردیتنەوەیەک بکەین لەبەرانبەر نیشاندانی فیلمەی نوێدا. ئەوەی کە بەشێکی کەم لە مشتەرییەکانی لەقەنتەخانەکەی عەلی سوور دەیانویست لە ڕەگای خزمەتگووزاریەکی زیاتری ڕەستورانەکەوە بەدەستی بهێنن.
یەکەم : شاگردەکی سینەما تەختەیەکی 1 بە 30لە ڕەگی دەسکەکی گۆرەوە بە سەر شانۆیە و ریکلامی ئەو فیلمەی لەسەرە کە ئەمڕۆ

نیشاندەرێت. ئەو کەسانەی گەڕاوجۆری شار دەگەڕا و ئەم پەیامەی بە خەڵکی دەگەیاند. سەیر ئەوەیە لە زمانی ئەو زەمەنەی منداڵ، نیشاندانی فیلمییان وەک ئیشکردنی فیلم باسدەکرد. نەیاندەووت چ فیلمێک نمایشدەکرێت، دەیانووت چ فیلمێک ئیشدەکات. لە هەمووی جوانتر، ئەو کات بە فیلمیان دەوت، فلیم. کوردانەی وشەیەک بەهەڵە بەکاردەهێنرا لە رووی کەمەلایەتییەوە، جوان و جەکەوتوو. خۆش ئەوە بوو، ئەو برادەرەی کە تەختەکەی بەسەر شانەوە بوو و پۆستکارتی گەورەی فیلمەکەی پیادا هەڵواسرا بوو، کەمێک ریکلامی دیکەی فیلمەکەی بە رەنگاورەنگی پێبوو کە لەسەر کاغەزێکی A3 چاپکرابوو.
ئاواتی گەورەی منداڵانی گەڕەک ، بەدەستهێنانی دانەیەک یان ژمارەیەکی زۆرتر لەو ریکلامانە بوو کە بە هەموو کەسێک نەدەدرا. بە ئەم مەبەستەش، باشترین شتێک بتکردایە، یارمەتیدانی کابرای دارهەڵگربوو کاتێک دەگەیشتە هەوارزەکەی لای مزگەوتی "تەکیە رووتەوە" و لە بەر گەرانی زۆریی بە زۆربەی گەڕەکەکانی شاردا و ماندووبوونی، زمانی لە عەرزدەخشا. ئەوکات بە ساتێک دارەکەیت لەوەردەگرت و لە هەورازەکەوە سەرت دەخست و دوو سێ دانە ریکلامت حاسەدەکرد.
هەندێ جار، لای دووکانەکەی "مەلا عوسمان" یان نزیک ئاشەکەی گاورانەوە راماندەگرت و پیماندەوت: دەکرێ کەمێکی "فلیمە"کەمان بە بگەیتەوە، ئەو کۆی باشە دەیزانی کە ئەم کارە چ کاریگەرییەکەی بە ریکلامکردنەکەی ئەو تیا دەبێت، یەکسەر دەیووت: یان دوو لەفە قاورمەم بە دەکەن، گەندەڵی جاران، یان ئەوتا خەتان دەچن بە بینینی.

دووەم. سینەماکانی جاران لە پرسەی کەیاردیتنەوەی خەیاندا و لە وەرزی هاوینەدا، لە جیاتی ئەوەی تە بچیت بە سینەما، ئەوان سینەمایان بە دەهێنایتە گەڕەک. سەیارەیەکی گەورە لە چەشنی لەریدا دەهاتە کەلاوەکەی گاوران کە ئێستا گەراجی "عوسمی تەمین"ی پێدەڵێن. لە بەشی خوارەوەی کەلاوەکەدا کە دیواری دەرەوەی باخانەیەکی گەورە بوو، بە دیووی لای باشووری کەلاوەکەدا ئۆگەر پشتت لە ئاشەکەی گاورانی ئەوسا بێت، پەردەیەکیان هەڵدەواسی و بە ئارەزوی خەیان، ئەو فیلمیان نیشاندەدا کە لە بەرنامەی خەیاندا بوو. خەڵکی گەڕەک لە سەرکارەز و سەرقەبران و قاوەخانەی سەرچیمەنەوە ، بە خەیان و ماڵ و منداڵ و شووتی و قاپ و قاجاغی دیکەوە، لەسەر گەکە و لەبەرانبەر دیوارەکەدا، بە دەزێ و پانی هەموو کەلاوەکە کە بە راستی گەورە بوو، دانیشتن و نقەیان لە خەیان دەبی.

سینەما لە شاری سلەمانی جاراندا لە رۆگای کابرای دارێکلام بەشانکەوە و لەریێ گەڕەکی گۆرەکی گەڕەکانی سلەمانیدا، بوو بووە بەشک لە ژیانی کولتووری 50 ساڵی پێش ئەمڕەمان. عەلی سوریش ، لەپاڵ نەبوونی ئەپلیکەیشنی مەبایلەکانی ئەمڕۆ و کەلەگەزردەکانی دونیای سویددا، جڕەک لە کاری گێاندنی زانیاری سینەمایی کەوتبووە سەرشان.
بەلام دەمەوێ لە کەلاوکەی گاورانەوە بتانهێنمەوە بە سەرەتای ئەم وتارە و وێنەکەی سەرەوە. لە ڕاستیدا، ئەم وێنەیەی سەرەوە نزیکایەتییەکی گەورەی لەگەڵ هەمان ئەو وێنەیدا هەیە کە سەر دیواری باخانەی گۆرەکەی کەلاوەی گاورانی 50 ساڵ پێش ئیستادا هەبوو. ئەگەر کەسێک دیمەنی ئەوارێکی فیلمنیشاندانی کەلاوکەی گاورانی بچرکاندایە و لەپاڵ وێنەکەی سەرەوە لە تەنیشت یەکەوە دایبنایە، ئەوسا ئاسانتر تێدەگەیشتن ئەم هەموو شەڕ و ڕیوڕەم بەچی بوو.

وێنەکەی سەرەوە، بەشکە لەو کاردانەوە و پرسەی کێاردیتنەوە تازەیەی کە سینەما لە سویددا لە ژێر فشارەکانی کۆرناو قەید و بەندی تەکنەلۆجیبوون و مەسافەگرتنی نەوان ئینسانەکاندا کردوێتی بە ڕاستیەکی تازە، بەڵام کەن بە قسەی کاکم: ئاخر بە قسەی ئەو، سلیمانییەکان لەڕێشدا، لە پێش سویدیەکانەوە بوون. لەم پرسیارەیشدا کە کۆرنا لە زەمەنی دیجیتالدا لە بەرانبەر نەهاتنی تەماشاچیانی فیلمەکاندا ، کاتێک کەس ناتوانی بچێت بە سینەما، ئەوا سینەما دەکرێ بچێت بە لای بینەرانی .
وێنەکەی سەرەوە، دیمەنی ئەوارێ نمایشکی سینەمای یەتەبەریە لە گەڕەپانی "بەنان پیرین" و لە ڕۆگای شەپۆلی ڕادیۆیی FMو سیستەمی ڕادیۆیی ناو سەیارەکەوە، تەقە و زرمەی سەر شاشەی دیجیتالەکە ڕەک دیتە ناو ماشین یاخود هەدفەنەکەی گوێچکەتەوە. جڕەک لە کاری بازارفرۆشی تازە بە دەزینەوەی کێار و بینەری تازە کاتێک ڕۆگریێکانی کە کۆرنا دروستیکردوون، سینەما لە هەڵکان دەردەهێنێت و دێباتە پارکێکی گەورەی سەیارەڕاگرتن.

بەڵام کۆرنا و دنیایەکی دیجیتالی تازە کە کۆرنا بە گووروزمی گەورە بەرەوپیشتری دەبات، ئەو دەرفەتیشمان بە دەرخستنە کە لە زەمەنی مەرگ و ترس و دڕاوکێی ئینسانەکاندا، لە ڕووخسارە هەناسەسواربووکەی تووشبوانیدا، ڕابردوو و یادەوەرییەکانی دونیشمان بخاتەوە بەرچاو. یان ڕووت و قووت، بەشکی گەورەی ڕابردوو، لە زەمەنکی دیکەدا، لە مردا، دووبارە زیندووبکاتەوە.

ناوەنانی بەرز "عەلی سوور" لەم وتاردا، لە گرانووی بشک لەو سەرگوزشتانوێ کە بەریزیان تیایدا بشداربوون و لە رزلگرتن و بەرزنخشاندنی ئالی ئەم پیاوە زیاتر، هیچ مبەستکی دیکە نییە.

نووسینی: بکر ئەحمەد
13-05-2020

قسە کردن لە گەڵ تەرم … زگار عومەر

فلیمی Concussion فلیمکە نبەردیکانی زانستی، مرۆڤایەتی، حەقیقەت ناسی، ناکك
بوونی لگەڵ بەرژوەندە گورە سەرمایەدارێکانی پشتی وزرش دەداتە بەر رخنە. لەم فلیمە؛ کە لەچیەکی ئاستقینەی دکتەرکی نایجیری وەرگیراوە، کە کچی کردووە بە ئەمریکا، هەموو ئەم پێوەندیانە ؛ زانست، حەقیقەت، مرۆڤایەتی دکوونە بەردەم تاقیکردنوێکی سختی پە لە قوربانی .

ئەم دکتەرە نایجیریە کە کارکەی تایبەتە بە شیکردنوەی هکارکانی مردنی ئەو تەرمانەی کە دگانە بەردەستی، لە ئاگای ماندووبونکی زۆرو پە لە هەشە بە ژیانی خی و هاوسەرکەی (کە لە ئاگای ترساندنی منالی یکەمی لبار دچە) دگاتە چەند حەقیقەتکی زانستی پزیشکی.
دگاتە ئەو ئەنجامەی کە یاریزانکانی تپی پە ی ئەمریکی کە پە لە تووندوتیژی بەریککەوتنی بە هزی یاریزانکان بە تایبەتی " سەریان" لە گەڵ تپەربوونی کات و تەمەن، ئەم هەموو بەرکەوتنانە کاریگەری لسەر مشك و دماغیان دادنە توشی "لەرزینی میشك" و خەمکی و زهایمەری توندو هلوسەیان دکات لە تەمەنی زۆر زوودا.
ئەم دکتەرە کاتە لکلینوکانی دست پی دکات بی دردکەوت کە تنیا لەو شارەی ئەو لی ی نیشتجێ ١٢ یاریزان بە هی ئەم دردە خیان کوشتووە یان ژیانیان لە دست داوە.

یەکێتی تەپی پەی ئەم شارە، لەگەڵ دادگاکان تەنانەت پۆلیسیش هەمووی لە دژایەتی کردنەوە سڵماندنی ئەم لێکۆڵینەوە زانستیانەن ، بە یاسا دەمکوتی دکتۆرو هەموو ئەوانەی دکان کە یارمەتی دەدەن، تەنانەت دەگاتە ئاستێك کە هێرشی دیپۆرت کردنەوەی " سنورداش"ی لێبکەن لە ئەمریکاوە بۆ نایجیریا! تەنانەت بڕیارێکی چەندی تەمەتی زیر ساویلکانەی دەدرێتە پاڵ وەکو بکارهێنانی قەڵەم کاغەزو ئامێری فاکس و پۆیستەیکانی تاقیگە ، هەموو ئەو فشارانە تەنیا بۆ ئەوە بوو هێگە بگرن لە بەاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە دەریدەخا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان وەرزشك و نەخۆشیەکی میشك/ دەروونی وەرزشکارەکان.
پرسیارێك کە دێتە پێشەوە بۆ دەبێ دژایەتی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی پزیشکی بکرێت! لە چیەکی ئاستەقینەی پشتی ووداوە نیشان دراوەکانی ئەم فلیمە ووون دەبێتەوە ؛ کە ئەگەر تەنیا لە ئەنجامی قەناعەت هاتنی لە سەد ١٠٪ دایك و باوکان و تێگەیشتنیان لەم لێکۆڵینەوەو دان پیانانی فەرمی یەکێتی تەپی پێ لە بوونی پەیوەندیەك لە نێوان ئەم وەرزشەو ئەم نەخۆشیانەی ئەم لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی بێگەیی تاقیگەیی بۆ دەستی هێناوە، ئەوا بڕژوەندیەکانی پشتی ئەم وەرزشە سەدان ملیۆن دۆلار زیان بڕ بزنسەکەی دکەوێت.
لە یەکە لەدیالۆگەکانی ئەم فلیمە ستیەکی زیر مەترسیدار هەیە، کاتێ بە دکتۆر دەڵین " پشووتر ئەمریکا لە هەفتەیەکدا یەك جۆری هەبوو بە کۆنیس، ئێستا ئەم جۆرە تەپی پێ بردوویەتی، تۆ دەتوانی ئەم جۆرەش ببینیت؟ "
چەند ساڵیك دوای ئەوەی دکتۆر دەردەکرێت لەم شارە بە زیرە ملە و بە هێرشی یاسایی و هتد، یاریزانێکیتر لەهەمان شار خۆی دەکوژێت کە هەمان حاڵەتی یاریزانەکانی پشووی هەیە!
لە ژێر فشاری رای گشتی و خۆزانەکانی یاریزانەکان پەداچوونەوە بە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی دکتۆر دەکرێت و ئیعتیباری ئەکادیمی و پزیشکی پێ دەدرێتەوە، ئەم تەمەتە ساویلکانەی ئارستەی بەرەوبڕوکەی کرابوو هەر هەمووی بۆتاڵ دەکرێتەوە، دواتر لە هۆکەی گۆڕدا دکتۆر قسە بە کەس وکارو خۆزانی یاریزانەکان/ قوربانیەکان دەکات، ئەم قسە کردنە کە دەکرێ ناوی لێبندرێ " گوتاری سڕکەوتن" ئەو زیر بە سادەیی بە ئامادەبووان دەڵێت من لە "جیاتی قوربانیەکان قسە دەکەم ".

ستە بە ستەی دیالۆگەکانی ئەم فلیمە گوشراوەکی خستی حەقیقەتن، دکتۆر لەسەرەتای دست پێکردن بە کارەکەی خۆی زۆری لێدگرن و

گاڵتەی پیدەکەن ، چونکە ئەو لە گەڵ تەرمەکان قسەی دەکرد!
کە تەرمێک دەهاتە پێشی بە ئەوەی هەکاری مردنی بزانێت ، دەستی بەسەر قژو سەری تەرمەکە دادەهێنا و دەیووت " ئازیزم ، هیچ نیە، ئێستا هەکاری مردنەکەت" دەدەزینەوە ، کاتێ بەرەو ڕووی بوونەوە پێیان ووت تۆ چۆن دەبێ قسە لە گەڵ تەرم بکەیت ؟ ئەو ووتی " من دکتەرم دەبێ ڕۆژ لە نەخۆشی خەم بگرم " وەك بڵێ ی لەلای ئەو تەرم فەرمەکیتری بەردەوامی ژیان بێت!

ڕۆشنبیری کورد لە نێوان گۆڕینی دنیا و خۆنی دەستەاتدارێتیدا … نووسینی: ستیڤان شەمزینی

ڕۆی ڕۆشنبیر گۆڕینی دنیا نییە بەڵکو بەوفا مانەویەتی بە ئامانجێک کە پاراستنی بە ئەخلاقیاتی مرۆڤ پەویستە ..
ئارێت

_____

قسەکردن لەسەر خودی ڕۆشنبیریی و ڕۆڵی ڕۆشنبیر تا دوا ئەندازە پێ گرێ و گۆ و ئیشکالییەتە، چوون یەک بەچوون و دیتنی کەنکرێتی نییە بە پێناسەکردنی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵدا. پرسیاری ڕۆشنبیر کێیە و ڕۆڵی چییە؟ پرسیارێکی نوێ نییە، وەک نوێش نییە، بە ئەم پرسیارە سەدان وەڵامی جیاجیا لەروانگەی جەراوجەڕەوە هەن، لەوانەش هەروا بە ئاسانیی نەگەینە بەوایەکی کەنکرێت، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنە روانگەی جەربەجەری نووسەران و بیرمەندان خەیانە کە لەکام سووچ و گۆشەوە دەڕوانێ خودی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ئەو لە هەناوی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا.
لەدەخی کوردیدا لەبەرئەوەی هەشتا تازە بەتازە پەنجەرەکانی بیری نوێ بە ڕووماندا دەکرێتەوە و تازەکی تەوژمە فەلسەفییەکانی دنیامان پێدەگات، تا ئەندازەیەک پرسیارکردن لەمەڕ ڕۆشنبیر و ئەرکەکانی پرسیارێکی کەن نییە، ڕەنگبە پرسیارێکی تازە و گرنگ بێت کە نووکە ڕۆشنبیرانی کورد لەخەیانی بکەن، ئایا ئەمە رزگارکەر و

ڕەنوێنیکاری جەماوەرین یان بەپێچەوانەوە ئەمەش تاکێکی ئاسایی وەک هەموو ئەوانی ترین؟، تازە ڕەشنبیری کورد عەوداڵی بەدوای ئەوەی ڕاستی ئەو ڕاستی پێغەمبەرێکە یاخود تەنیا ڕاستێکی ئاسایی هەیە و وەک هەموو پیشەوەرێکی تر بەرهەمی خۆی ڕاستێک دەگەیەنێت؟.
بەرسڤی ئەم پرسیارانە ئۆگۆرچی نەبووەتە بابەتی مشتومڕی جیددی و گەرم لەنێو ناوەندی ڕەشنبیریی کوردییدا، بەڵام ئەمڕۆ یان سبەی بێت، پێویست دەکات ڕەشنبیری کورد لەژێر کاریگەرزنەی تەرز و بیر و فەلسەفەی نوێی جیهانی خۆی پێناسە بکات و سنووری کار و چالاکییەکانی بە کۆنکرێتی دیاریی بکات، چوون هەتا ئێستا ڕەشنبیری کورد ڕاستەکی پێغەمبەرانە و پشتەوانە ئێدا دەکات نەک بەئەرکی ڕاستەقینەی هەستابێت کە بەبەوای من دەزینەوەی تەز و بیرکەی نوێیە لە بواری کاری خۆیدا. ڕەشنبیری کورد هەندێ ڕەوایی لە "هەق گوتن" و بەرامبەر وەستانەوەی دەسەاتەوە وەرگرتووە، بەچارەگی ئەوە خاوەنی ڕەوایی زانستیی و گووتاری زانستیی و داهێنانی نوێ و خستنەرووی تەزی نوێ نییە.
کەوابوو ئەم تەرزە ڕەشنبیرە جیا لەوەی ڕەشنبیرێکی تەقلیدییە، دەبێت پشکات بخۆیدا بچێتەوە، ئەویش لە ڕەی پرسیاری من وەک ڕەشنبیر کێم؟ کار و ئەرکم لە کۆمەڵگەدا چییە؟ من دەتوانم نوێنەرایەتی بکەم یان نا؟، کە بەداخەوە تا بە ئێستا دەگات ڕەشنبیری کورد خاوەنی ئەم پرسیارانە نییە، بەڵکو ئەفسوس بەردەوامە لەسەر نەریتی سواو و قەوانکەی خۆی کە بریتییە لەدوان بە ناوی گشت و سەرجەم مرۆڤکانی کۆمەڵگاوە، بەبێ ئەوەی پرسیاری لەخۆی کردبێت ئاخۆ ئەوانەی بە ناویانەوە دەدوێت قایلن بەوەی کەسەک بەقەڵەمکەوە ببێتە دەمەاست و نوێنەریان؟ ئاخۆ جەماوەر ڕەوایی بەو دەدەن بە ناویانەوە خواست و داواکاریی بخاتە ڕوو؟.

ڕەشنبیر کێیە؟

ئاسان نییە بڕین ڕەشنبیر ئەو کەسێیە فەان کار دەکات یان فیسار وەزیفەی هەیە، چوون بمانەوێت یان نا روانگەی دژ بەیەک وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەویان داوەتەوە، لە دیدی مەدیلی مارکسیزمی ڕووسییەوە ڕەشنبیر ڕەنوێنیکاری چینی پڕۆلیتاریا و ئاما هەڵگری شۆڕشی سووری سۆسیالیستییە و بە دوایدا چینەکانی خوارەوەی کەمەڵە پشتییەوە هەنگاو بە بەدیهێنانی ئەو خەونە دەنێن. بەبەوای "ئەنتۆنیۆ گرامشی" فەیلەسووف و مارکسیستی ئیتاڵی ڕەشنبیر دەستێکی بچووک نین لەکۆمەڵگەدا، بەڵکو هەموو مرۆڤکان ڕەشنبیرن، بەڵام هەمووان وەزیفەی ڕەشنبیر نابینن. "ئیدوارد

سەعید" لەبارەی ئەم هەزرینەی "گرامشی"یەوە دەڵێت "گرامشی تێدەکۆشێت، تا ئەو بسەلمێنێت کە دەتوانین ئەوانەی وا لێناو کۆمەڵگادا رێی ڕۆشنبیر دەگێڕن، بکەین بەدوو بەشەوە: گروپی یەکەم ڕۆشنبیرانی نەریتپارێزی وەک مامۆستا و مەلا و کاربەدەستانی دەوڵەتی، ئەمانە ئەرکێک بەجێدێنن نەوەی لەدوای نەوە لەسەر شانیان بووە. گروپی دووەم وەک ناویان لێدەنێت، ڕۆشنبیرانی ڕەکخراو. ئەم گروپە لەروانگەی گرامشیەوە بەتەواوی وابەستەی ئەو چینە یان دەزگایانەن کە لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیی و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتی زیاتر کۆک لە ڕۆشنبیران وەردەگرن".
بەوای پێچەوانەی گرامشی و بیرکە سیاسیستیکەشی لە ئارادایە، کە ئیدوارد سەعید نموونەی "ژولین بیندا"ی بیرمەندی فەڕەنسی دەهێنێتەوە، چوونکە بیندا بەپێچەوانەی "گرامشی" بیر دەکاتەوە و پێیوانییە ڕۆشنبیران گروپێکی بەربڵاوی خۆک پێکبهێنن و هەموو کەس ڕۆشنبیر بن، بیندا وا بیر دەکاتەوە ڕۆشنبیران ئەقڵێکی بچووکی خۆک پێکدەهێنن و وازیفە و پلە و جێگایەکی باڵاتریان هەیە لەمڕۆ ئاسایەکان. بیندا ئەم ڕوانگەیەی لە کتێبی "ناپاکیی ڕۆشنبیران" کە ساڵی 1927 بڵاوبکاتەوە زۆرتر ڕووندەکاتەوە و دەنووسێت "ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن ئامانجی چالاکییەکانیان بە جێبەجێکردنی مەبەستێکی زانستیی نییە، ئەمانە پتر بەختەوەریی لە پرسەکردنی هونەر یان تێواننێکی میتافیزیکیدا دەبینن، بە کورتی چەند خەسڵەتێکی ناماددییان هەیە، لەرەوە ئەوان بەشێوەیەکی تر دەبن مەلەکوتی ئەمە لەم جیهانەدا نییە". دیتنی بیندا، دیتنێکە بازنەی ڕۆشنبیر تەسک دەکاتەوە بە دەستە و گروپێکی کەم لەکەمەدا، هەم دابڕاو و گۆشەگیرن، هەم وا دەهزرێن جێگەی ئەوان لەم دنیایەدا نییە، بەڵام وازیفەیان لە ڕوانگەی ئەوەوە داکۆکیکردنە لە ڕاستی و مافی هەموو ئەوانیتری ستەملێکراو و بەدەنگکراو.
تەنیا ئەم دوو پێناسەیەمان نییە بە ڕۆشنبیر، نەخێر سەدان پێناسەی تر لەسەروەختی جیاجیادا بە ئەم کائینە کراون. "ماکس ڤیبەر" بەوای وایە "ڕۆشنبیر ئەو کەسانەن توانا و حەزی تایبەتیان هەیە و دەتوانن بەرهەمی ڕۆشنبیریی بەهادار پێشکەش بە مرۆڤ بکەن"، لای شەمسی تابرێزی "ئەهلی ئێندێشە ئەو دانایانەن بە بەرژەوەندیی خۆک بیر دەکەنەوە"، ئەم پێناسەیە هەمان پێناسەی "محەمەد حەسەنین هەیکەل"ی ڕۆژنامەوانی ناوداری میسریمان بە ڕۆشنبیر بیر دەخاتەوە، ئەو ئاوها پێناسەی ڕۆشنبیر دەکات "ئەو کەسەیە خەمی لە کەسانی ئاسایی زیاترە، ئەو شتانەشی بەلایەوە گرنگن سنووری بەرژەوەندییە خودییەکان دەبڕنن، بەمەش هەست بە خەمی کەسانی تر دەکات و لەو

ماف و حەقانیان ئاگاداریان دەکاتەوە کە خەیان کوربوون لە ئاستیدا".
سەرەای بوونی چەندان پێناسەی جیا بۆ ڕۆشنبیر، دەتوانین کەی پێناسەکان دابەشبکەین بۆ سەر دوو ئاراستەی سەرەکیی. ئاراستەی یەکەم: ڕۆشنبیر بە مرۆڤێک دەدات قەڵەم سەرباری کارکردنی لە بواری فیکر و مەعریفە، لایەنگریی لە ماف و ئازادیەکانی هاووڵاتیان دەکات و هۆشیاریان دەکاتەوە سەبارەت بە مافەکانیان. ئاراستەکەی تر پێیوایە ڕۆشنبیر بۆتە مرۆڤێک زانست و مەعریفە بەرهەمدەهێنێت نەک ڕۆڵی پشتوا و پێغەمبەر ئەدا بکات.

ڕۆڵی ڕۆشنبیر

میشێل فۆکۆ، گۆڕە هزرمەندی هاوچەرخی فەڕەنسیی، دەڵێت "ڕۆشنبیر و چەپ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەم مافەیان بە خەیان بە ڕەوا دەبینی وەک هەڵگری ڕاستیی و دادپەروەریی قسە بکەن، ڕۆشنبیر هەست یان ویژدانی هەموان بوو". ماوەیەکی دوور و درێژ ڕۆشنبیر مافی بەخۆی دابوو بە ناوی جەماوەرەوە قسە بکات و بە ناوی داکۆکیکردن لە خواستەکانی جەماوەری بشخوراوەوە شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان و فەرمانڕەوایان بکات، کاتەکی زۆری خایاند تا ڕۆڵی ڕاستەقینەی گەنەرایەوە بە ڕۆشنبیر، چوونکە پێشان جیا لە بەرهەمهێنانی مەعریفە، سەرکردایەتیکردن و هەڵوەست وەرگرتن و داکۆکیکردن لە هەقی هەموو ئەوانیتر لەئاستی دانرابوو. پێشتر وا بیریان لە ڕۆشنبیر دەکردەوە دەبێت بە زانستەکەی یان بەو چەکە مەعریفییەی دەستی دنیا بگەڕێت، هەر خەیشی ئەو ئەکتەرە بێت بەو ئەرکە هەستێت.
بەبۆای من ڕۆشنبیر دنیا ناگەڕێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەو گەڕینی دنیا نییە، ڕۆشنبیر زانست و مەعریفەیەک بەرهەمدەهێنێت پێماندەڵی چۆن دنیا بگۆڕین و بۆچی دەبێت دنیا بگۆڕین؟. ئەگەرنا خەی هەمان ئەو کارەکتەرە نییە بە ئەرکی گەینەکەش هەستێت، بە دەربەینەکی تر ڕۆشنبیر دنیابینی ئەمە بە ئەو ژیانەی تێیداین دەگەڕێت نەک خودی ژیانەکە بگەڕێت، پێماندەڵێت چۆن بیگۆڕین نەک خەی ببێتە شەشگۆ و جەماوەر لە دەوری خەی بە گەینی واقیع کە بکاتەوە، هەرکات ئەم کارەی کرد لەڕۆشنبیرەوە بووە بە سیاسەتمەدار و شەشگۆ. ڕۆشنبیر تیۆری ناسینی ژیان و سیستمەکان بە هەموو داد و بەدادییەکانییەوە گەڕاوە دەکات.
"فیسۆ دەڵاج"ی نووسەری ناوداری عەرەب جەخت لەسەر هەمان ئەم ڕوانگەیە دەکاتەوە و دەربارەی ئەدەب دەڵێت "ئەدەب واقیع ناگەڕێت، لەو باوەڕدام خراپترین تەزی ریالیزمی سۆسیالیست ئەم وتەیەتی:

ئەدەب واقیع دەگۆڕێت. واقیع تەکنیکانی سیاسیی دیکتاتۆرێت، بەڵام ئاوەزی ئەدەب دیکات گۆڕینی دید و بەچوونە بۆ واقیع، بەڵام واقیع ناگۆڕێت". ئەگەر ڕەخنەی ڕۆشنبیر کورت بکەینەوە لەدەستکدا بریتییە: لەکارکردن لە کەلەگەی زانستیی و مەعریفییەدا، بۆ ئامانجی بەرهەمهێنان و هێنانە ئارای دید و بەچوونی نوێ سەبارەت بە ژیان و چەمکەکانی، لەوە بەولاوە لەسەر ڕۆشنبیر نەکراوە بەرەنج هەر دەبێت ڕەخنەی هەبێت لەجووڵەی سیاسیی یان لە کاراکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، چوون وەک پێشتریش لەکورتە نووسینەکی تردا هەمام بۆ کردووە، ڕۆشنبیر تەنێ مومارەسەی تاکە ئیشەک دەکات هەروەک چۆن ئاسنگەر یان شۆفێرەک مومارەسەی پیشەکەی خۆی دەکات، چۆن لەسەر شۆفێرەکی تاکسی پێویست نەکراوە لەپێنا کارەکێدا دنیا بگۆڕێت و ڕەخنەی پێشەنگ ببینێت لە داکێکیکردن لەوانی تر، هەمان شت بۆ ڕۆشنبیر هەر ڕاستە. کەوابوو ئەگەر بەپێن ڕەخنەی ڕۆشنبیر چییە؟ وەڵامێک زیاد لەهەموویان لەپیشەی ڕۆشنبیرەوە نزیک بێت و لەگەڵیی بگونجێت ئاوایە: ڕۆشنبیر مەعریفە و ڕۆشنبیرییەک دروستدەکات کە مەعریفەی ناسینی دنیا و سیستەم کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە.

ڕۆشنبیری کورد و خەونی دەسەڵاتدارێتی

گۆشەنووسی ڕۆژنامەی "شەرق ئەلئەوسەت، "خالد ئەلقشتینی" لەیەکێک لەگۆشەکانیدا نووسیبووی "ئاوەی پێتەکت فێر بکات دەتکاتە کێلەی خۆی". ئەم وتەزایە پێش هەموو کەس بەسەر ڕۆشنبیری کورددا دەچەسپێ، چوون ئەمە خاوەنی کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکین دەخوازن ژمارەیەکی بە ئەندازە مرۆڤی کورد بکەنە کێلەی وشە و چەمکەکانیان. ئەم ڕۆشنبیرە بەزمانی باو و بە عەقڵی خۆکی عەوام و بۆشاوەی کلاسیک و بە ڕووحی کولتووری میللیانە دەپەیڤێت و بیر دەکاتەوە، ئاو ناتوانێت وا لە خوێنەر بکات بیر بکاتەوە، بەکو جاماوەر وەهای لێ کردووە بۆشاوەیە بنووسێت و بپەیڤێت کە ئاو دەیاوێت، لەبری ئاوەی ئاو بەزانستەکی جاماوەر ئاماستە بکات و ڕۆشنوانیان بە دیاری بکات، هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە، چوونکە ئاو ڕۆشنبیرە نایاوێت مرۆڤی کورد وا لێبکات بیر بکاتەوە، ئاو دەیاوێت ئاو جاماوەر دوای بکاون، بەیە هاوەی خە گونجاندن دەدات لەگەڵ گووتار و ڕوحی سادە و میللیانەی خەڵک.

ئەم ڕۆشنبیرە کوردە بەناوی جاماوەرەوە قسە دەکات و بەناوی ئاوانەوە ڕەوایی دەدات بە خەونی کێکردنەوەی ژمارەیەکی بە ئەندازە لە دەروەش لە دەوری چەمکەکانی، لە کاتێکدا ژمارەیەکیان باش دەزانن ئەم ڕەواییدانە کلاسیکییە سەردەمی زەمینی بەسەرچووە و

دەمکۆ دەور و دوکانی پێچراوەتەوە. ڕۆشنبیری کورد خوازیاری کەرکردنەوەی زۆرترین ڕێژەی شۆنکەوتوو و لایەنگر و هەوادارە، بۆیە هەمیشە دەیەوێت لە پشکی پشکۆی زێرینەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەکاندا بێت، تەنانەت داکۆکیی لە هەندێ جووڵەکات هیچ شەرعیەتێکی نییە، بەڵام چوونکە هەم دژی دەسەڵاتە و هەم خولیای کەرکردنەوەی جەماوەرە لە دەوری خۆی، ڕێ بەخۆی دەدات نەک بەشدار بێت بەکو ڕێی پێشەنگ ببینێت.
ڕۆشنبیری کورد لە بەری ئەوەی زانست و مەعریفە بەرهەمبهێنێت، سەرقاڵی پرسیاری بەکاریزماکردنی خۆیەتی، هەمان ئەو کارانەی دەکات سیاسییەکان دەیکەن، کارساتەکە لەوەشدا گەورەتر دەبێتەوە ڕۆشنبیری ئەمە بە هەمان مەبەست، هەمان ڕێگا و میکانیزمە سواوەکانی سیاسییەکان بەکار دەباتەوە. ڕۆشنبیری ئەمە نایەوێت واقیع بە زانستیی شیبکاتەوە و کەموکوڕییەکانی بخاتە ڕوو، ڕۆشنبیری ئەمە نایەوێت جیهانبینی تاک بە واقیع بگۆڕێت، بەکو خوازیارە واقیع بگۆڕێت و تاک بخاتە پشتی خۆی، چوونکە دەیەوێت دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت لە ڕەی جەماوەرەوە نەک بە جەماوەری بسەلمێنێت دەبێت دەسەڵات چۆن بێت؟ دەسەڵاتی گەندەڵ کامەیە؟ دەسەڵاتی دیکتاتۆر کامەیە و چۆن دەبێتە دیکتاتۆر؟. چۆنیش دەتوانین دیموکراسی چێ بکەین؟.
بە گشتیی ئەمە شاهیدی جۆرێک لە ڕۆشنبیری کوردین، خۆی بەئەرناتیڤی سیاسییەکان دەزانێت و کەڵگەی ڕۆشنبیریی بە مەرامی سیاسیی بەکاردەهێنێت، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی وایکردووە کەڵگەی زانستیی و مەعریفیمان نەبێت، کە دواجار ئەمە دەبێتە هۆی داماننی کەمەڵگە، وەک چۆن ئێستا لەحاڵەتی کوردستانی ئەمەدا بە ڕوونیی هەستی پێدەکەین. بە بۆچوونی من ڕۆشنبیری کورد کار لەسەر فیکر ناکات، هەندێ ئالودەی سیاسەت بووە، ئەگەرچی مافی ڕۆشنبیرە سیاسیی تەنانەت حزبیش بێت، بەڵام وەرگەڕاندنی ئەرکی ڕۆشنبیر لە کەڵگەی فیکر و ڕۆشنبیریەوە بە کەڵگەی سیاسیی خیانەتێکە لە خودی ڕۆشنبیر و ئەرک و مەهامکانی. ڕۆشنبیری کورد لە بری بنیاتنانی کەمەڵگە لەڕی تیەر و بیردۆزەوە، خەریکی داووخاندن و داگیرکردنی قەڵاکانی سیاسەتە.

ڕۆشنبیر و ئەرکی گۆڕینی دنیا

دەشە لەو پرسیارە زۆر گوتراوەو دەستپێبکەین، ئایا ڕەی ڕۆشنبیر گۆڕینی دنیایە لەڕگەی جووڵەی سیاسییەوە یان بەپێچەوانە یاخۆ چی؟ بەگومان دنیابینییە جیاوازەکان هەر یەکەیان لە ڕوانگەی خیانەوە

وەک یان پێیە، بەربڵاوترین و تەقلیدیترین بۆچوون خۆی لەم ڕوانگەیەدا دەبینتەوە: ڕۆشنبیر مرۆیەکی پشتوو و پێشڕەو، ڕابەرایەتی داخوازیەکانی جەماوەری بە زمان دەکات لەبەرامبەر بە فەرمانڕەوایان و هێزە باڵادەست و سەردارەکان. ئەمیل زۆلا لەساڵی 1900 لە وتاری (من تاوانبار دەکەم)دا بەرووڕوونی جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە و وەهای دەبینێت ڕۆشنبیر ئەرکێکی ئیتیکی لەسەرشانە لە داکۆکیکردن لەمافی مافخوراوان، زۆلا ئەم ڕوانگەیەی لەژێر کاریگەریی دەسیەیکی دیاریکراو (دەسیەی ئەفسەری جوو، درایفەس) گەیاند و فەرمانی کرد و تێبینی ئاوێکرد ئەرکی مرۆیی ڕۆشنبیرە دژی هەر بەدادییەک دەنگ هەبێت.
بە واتایەکی تر ئاوەژوی زۆلای هاندا لە فەرمانەی ئاو بیرکەیەدا، لە کاتێنە ژێر کاریگەریی سەزاوە بوو نەک لە ڕوانگەیەکی عەقڵانییەوە. بەڵام بە یارمەتی ڕەبازی سەسیالیستی و لەژێر کاریگەریی دواتی شورەوی ئەم ڕوانگەیە زیاتر تەشەنەی کرد، چوون لە دیدگای سەرکردە سیاسییەکانی بەشەفیکەوە ڕەنجی ڕۆشنبیر هەمان ڕەنجی سەربازێکە یان هەمان ڕەنجی کرێکارێکی چەپاوە لە داکۆکیکردن لە سیستمی سیاسی سۆڤێتی و بەاوکردنەوەی بیرکەی سەسیالیستیدا، ستالینییەت وا بیری دەکردەوە، چۆن سەربازێک بەهەی تفەنگکێوە سیستمی سەسیالیستی دەپارێزێت و داکۆکی لە خوێنکانی چینی کرێکار دەکات، ئاوەهاش ڕۆشنبیر بەهەی قەڵەمەکێوە هەمان کار رادەپەڕێنێت. ئەمەش پرسەی بە ڕەبەتکردنی ڕۆشنبیر بوو، بەو پێیەی وەزیفەی ڕۆشنبیریی و سەربازیی خرانە یەک ئاستەوە، کە هەموو فەرمان جێبەجێ دەکەن نەک بیربکەنەوە لە خودی فەرمانەکە و پرسیاری ئاوە بکەن بۆچی دەبێت ئاو ئەرکە جێبەجێ بکەن؟!.
ئەم مەیلە سۆڤێتییە نە تەنیا لەسنووری قەڵەمەوی بەشۆفیکدا بڕەوی هەبوو، بەکو بەهەر چوار قوژنەی دنیادا باوبووەوە و کاریگەریی دانا، بەڵام لەم ناوچانە کە کەمتر کاتبوونە ژێر کارتێکردنی قوتابخانە خۆرئاواییەکانەوە ئەم ڕوانگەیە زیاتر بڕەوی هەبوو، بە بڕاورد لەکەمەگەکانی تری جیهان. (ماوتسی تەنگ) لەو باوەڕدا بوو نووسەر لە جەنگی ئازادیخوازییدا بەهەی قەڵەمەکێوە دەجەنگێت، ئیدی قەڵەم ڕەنجی تفەنگ دەبینێت، هێزەکە بە لەناوبردن یان بە بنیاتنانەوە، فاکتەرەکە بە وێرانکردن یان بە گۆشەکردن، لەوە بەولاوە قەڵەم هیچ کارێکی دیکەی لەدەست نایەت یان ناشێت لە دەستی بێت. هەروەک نووسەری گواتیمالایی (ئانخل ئاستۆریاس) دەیووت (داوا لە من دەکەن تاکوو لە سەنگەری ئەدەبییەوە، دەست بدەمە ڕەشاش و بۆشە گوڵەباران بکەم).
ئاو دیدگایەی ئەرکی گۆڕینی دنیا دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیر یان بە

کاری ڕۆشنبیریەوە دەبەستێتەوە هیچی تری ناوێت جگە لەوەی ئاستەریاس باسی دەکات، هیچ مەهامەک بە کاری ڕۆشنبیر و زانستەکەی ناهێنێتەوە جگە لەوەی دەبێت ببێتە ئۆکتارێکی سیاسیی و ڕۆژی هەبێت لەو ئاوگۆڕانکارییانەی لەچوار دەوری ڕوودەدەن. ئەمە لەلایەک دامالینی خودی ڕۆشنبیرە لە ئەرکی ڕاستەقینەی، لەلاکەی تریش بەتاکردنەوەی ئەو مەعریفە بەلایەن و سەربەخۆییە کە ڕۆشنبیر لەئەنجامی خوێندنەوەی بە دیاردەکان پێی گەیشتووە و ئاشکرای کردووە. سیاسییەکان دەیانەوێت ڕۆشنبیر تەوبگەلێت و بابداتەوە بە لای سیاسەتێکی ڕووتدا، چوونکە بەم کارە هەم ڕۆشنبیر دەخڕنە ریز و سەنگەری نەیارە سیاسییەکانەوە، هەمیش زانستە سەربەخۆکەی دەخڕنە قاڵبی ئینحیاز و لایەنگریی بە دید و مەیلێکی سیاسیی دیاریکراوەوە بەمەش هیچ بەهایەک بە زانستەکەی نامێنێتەوە.
ڕۆشنبیر مرۆڤێکی ئاساییە وەک هەر مرۆڤێکی تر، دەتوانێت وەک مرۆڤ، سیاسیی بێت، بازرگان بێت، یان هونەگری هەر سیفەتێکی تری کۆمەڵایەتی و سیاسیی بێت، هەروەک دەتوانێت سیاسیی نەبێت یان بەشداریی هیچ جووڵەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نەکات و زیاتر خۆی تەرخان بکات بۆ شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی چەمکەکان، ڕەنگبێ ڕۆشنبیرێک کە لە بواری سیسیلۆژیادا کار دەکات، هیچ گرنگییەک نەدات بە کاروباری سیاسەت، ئەمەش بەمانای ئەوە نییە ئەو ڕۆشنبیرە ناتەواوییەک لە کارەکەیدا هەیە. وەک لەسەرەتاوە وتم ئەو دیدە نەریتییەی بەشداریی سیاسیی و هاوەستوەرگرتنی ڕووت دەبەستێتەوە بە کاری ڕۆشنبیرەوە دیدێکی هەرسهێناو و بەسەرچووە، چوونکە چیدی کاتی ئەوە نەماوە (ڤیتاڵی کەرەتیچ)ی سیسیالیست بێت لەبری دادگا بێت (ئەو نووسەرە فەڕەنسییەی نوسیوویەتی: فلوبەر بەشوویەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسە لە سەرپانکردنەوەی شەڕشگێڕکانی کۆمۆنەی 1871ی پاریس، چوونکە تاقە دەڵێکی لە دژی ئەم سەرپانکردنەوەیە نەنووسی، ئەو نووسەرە مەبەستی ئەوەبوو فلوبەر بەو بەدنگییەی یارمەتی کۆنەپەرستەکانی دوژمنی کۆمۆنەی داوە).
کەرەتیچ بەبیانووی ئەوەی بەدنگ بووە (فلوبەر) وەک هەموو ئەو جەلادانە سەیر دەکات، دوای شکستی کۆمۆنەی پاریس قەسابخانەیان بە کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە لە دارخستبوو، ئەو داواکارییە لە ڕۆشنبیر کە پێویستە هەمیشە هاوەستی هەبێت و گیانفیدا بێت و خەبەخت بکات لەپێناوی داکۆکیکردن لە مرۆڤکانی دی، ئەو داوایە لەڕۆشنبیر، تاکو بمرێت لە پێناوی ژیانی ئەوانی دیکەدا، داوایەکە زیاتر وێنای ڕۆشنبیر لە سوپەرمان و ڕۆبن هود نزیک دەخاتەوە نەک وێنایەکی مرۆیی و ئاسایی وەک هەموو ئەو مرۆڤانەی دیکە بخاتەوو. ئەو گۆشنیگایە دەخوازێت ڕۆشنبیر

سپارتاکس بت، دەخوازت رەشنبیر گیڤارا بت، دەخوازت رەشنبیر رەنوێنیکاری خەباتی چەوساوە و بێشخوراوان بت لەهەر کەمەکدا.
ئیشکالییەتی ئەم جیهانبینییە بەدەر لەهەر شتێک ئەو سیفەتە لە رەشنبیر دەستنتوە مرۆڤ بت، چوونکە وا تەدگات رەشنبیر ئەو گیان پەیایە پەویستە بێشداریی هەموو نەبرد و داستانکانی داکۆکی لەوانی تری بەدەستهات بکات، کەرتیچ تەناگات (فلوبەر) وەک هەموو ئەو ملیان فەنسییەی تر تاکە مرۆڤکە، ئیدی چ حیکمەتێک لەمدایە فلوبەر تاوانبار و هاوشانی جەلادان بت و ئەو هەموو هاووەتییە فەنسییەی تر بتاوان؟ ئایا سیفەتی رەشنبیربوون هاوتابوونە لەگەڵ سەربازبوون؟ ئەگەر وانییە بچی کەرتیچ و ئەو نووسەرەی فەنسییەی ئەو ناوینەهناوە لەناو ملیانان هاووەتی فەنسی فلوبەر جیا دەکەنەوە و دەڵێن بەو بەدەنگییەی تاوانبار بووە؟ ئایا فلوبەر وەک هەر مرۆڤکی ئاسایی بێ نییە بەدەنگ بت و ژیانی خێ لەمەترسیی رزگار بکات؟ بگومان وەڵامەکە (بەڵێ) یە.
کەواتە با پرسیارە زەحمەتەکە بکەین و بڵێین ئەگەر رەشنبیر دنیا ناگەت کەواتە کاری وی چییە؟ بگومان رەشنبیر دنیا ناگەت (هەرچەندە دەتوانت هەوەستی هەبت و هەنگاو بنەت بە گەانکاریی)، رەشنبیر ئەو میکانیزم و رێگایانە ئاشکرا دەکات سەرەنجام دەبنە کەرەستەی گەینەی دنیا و هەلومەرجە لەگ جیاوازەکان، وەزیفەی ئەو بوونەوەرە ئەویە دنیا و ئەو بوارانەی هەیبژاردووە بە کارکردن وەک ئەوەی هەیە بخوێنتەوە و شرۆڤە بکات و رێگاکانی گەانیش نیشان بدات بە هەنگاونان بە ئەو دنیایەی دەکرەت ببت وەک ئەوەی دەمانەوت. ئیدی لەوە بەولاوە ئەرکی سەرەکیی رەشنبیر هیچی تر نییە، چوونکە دەبت هەموو باوەڕ بەوە بهەنین رەشنبیر تەنیا هەر تاکەکەسکی زەر ئاسایی و هاووەتییەکی زەر ئاسایی کەمەگەیە، وەک هەموو مرۆڤکانی تر پەدەکەنت، دەگریە، نەخۆش دەکەوت، بێزار و شاد دەبت، هەزکی سروشتی و ئاسایی وەک هەموو مرۆیکی تری هەیە، عەسایکی جادوویی لەوەی موسای بەدەستەوە نییە پەرچوو بخوەقەنت، ئازایەتی ئەو وەک ئازایەتی هەر مرۆڤکی ترە.
(ئەلبەر کامە) وەک رەشنبیر و بیرمەندکی گەورەی خەرئاوا جوانتر لە هەموومان وەسفی ئەو حاەتەی کردووە، وەختێک سبارەت بخودی خێ دەڵێت (رەڵێی من ئەوە نییە جیهان یان مرۆڤایەتی بگەم چوونکە نە هەندە چاکم و نە ئەو دانایەشم هەیە شیاوی ئەو کارەم بکات).
راستە وەک وتمان ئەرکی رەشنبیر گەینی دنیا نییە، بەڵام ئەم رستەیە بەو واتایە نایەت رەشنبیر ناتوانت سیاسیی بت، یانژی رەشنبیر ناتوانت بێشداریی جووەی گەینی دنیا بکات، رەشنبیر

دەتوانێت سیاسەت بکات، دەتوانێت ئەندامی پارتێکی راست یان چەپ بێت، دەتوانێت پەرلەمانتار بێت، دەتوانێت لە دەرەوەی بواری زانستیی و ئەکادیمی خۆی بەشداریی زۆر کاری دیکەی جیاواز لە کایەی رۆشنبیریدا بکات، وەک مرۆڤێک مافی پەراوێ مومارەسەی هەر حەز و هەبی و ئارەزوویەک بکات کە خۆی دەیەوێت مومارەسەیان بکات، بەڵام لە ئاوەها حاڵەتێکدا رۆشنبیر وەنایەکی دیکە و شوناسێکی تری هەیە.
وەختێک رۆشنبیر لەریزی یەکەم و پێشەوەی خەپیشاندانێکدا هوتاف دەکێشێت و داخوازییەکی سیاسیی بەرز دەکاتەوە، لەو کاتەوەی رۆشنبیر لەگەڵ گەنجان، ژنان، کرێکاران، چین و توێژە جیاوازەکان بەشدارە لە مانگرتن و هەر بزووتنەوەیەکی ناڕازایەتیدا، هێندەی وەک چالاکوانێکی سیاسیی و کارایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی یان کارکتەرێکی سیاسیی و سەندیکالیست دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێت، نیو هێندە وەک کەسێتی رۆشنبیر خۆی بەرجەستە ناکاتەوە، چوونکە بواری ئەو وەک رۆشنبیر داتا و خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانستە، ئیدی ئەو زانست و مەعریفەیە دەخرێتە بوار پراکتیکەوە یان نا، ئەوەیان کەشی رۆشنبیر نییە، وەختێک رۆشنبیر دەیەوێت خۆی بە کرداریی هەبستێت بە پراکتیکی بیردۆز و ئاکامە زانستییەکانی، وەک رۆشنبیر خۆی نمایش ناکات، ئەو دەگەڵێت بە سیاسیی، تا ئەو جگەیەی سیاسەت بکات سیاسییە و بە پێچەوانەشەوە هەر راستە.
لەوانەیە پرسیار بکرێت، ئەدی جیاوازیی چییە لەنێوان سیاسیی و رۆشنبیر کە یەکەمیان دەیەوێت دنیا بگۆڕێت و دووەمیان مەعریفەی گەیینی دنیا دەخاتە بەردەست؟ بە وەڵامی ئەم پرسیارە، لەوانەیە پەنابردنە بەر روانینێکی رۆشنبیر و رۆمانتووسی سودانی (تەیب ساڵح) کارێکی خراپ نەبێت، چوونکە ئەو رۆشنبیرە لەو بەوایەدایە (رۆشنبیر بوونەوەرێکە سیاسییەکان وەک دەکات، چوونکە سیاسییەکان بەپێی روئیای خۆیان دنیا رێکدەخەن، هەر بۆیە پێیان ناخۆش رۆشنبیر بێت پێیانبڵێت: بەمشێوەیە دنیا رێکناخرێت). رۆشنبیر پشنیار دەکات و روئیایەکی جیاواز پشکێش دەکات و بەرهەمدەهێنێت، بەڵام سیاسییەکان دەیانەوێت ئەو روئیایەی هەیانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم پەناوەشدا دەستدەبەن بە کاری کۆمەڵایەتی و جووڵەی دەستجەمعی و سیاسیی.
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دوور لەهەر لوغزێک و بچڕ و کورتکراوەتر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە لەسەرەتاوە لە بارەی ئەرکی رۆشنبیرەوە کردبوومان. بەبەوای تایبەتی ئەز ئەو رۆشنبیرەی دەیەوێت رێبەرایەتیی کۆمەڵگە بکات و سەرکردایەتی جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی بە ئامانجێکی سیاسیی بکات، سیفەتی خۆی لەرۆشنبیرەوە دگەڵێت بە خاوەنکارێکی تر، چوون لەوە بەدواوە ئەرکی ئەو لە

خوێندنەوەی دیاوە دەگمەنت بۆ گۆڕینی. ئەم ئاو کاریگەری مارکس لەسەدەی نۆزدەدا تێبینی کردبوو، چوونکە ئاو لاو باوەڕدا بوو دوای ئاو خوێندنەوە قووڵەی دنیا ئیدی سەرەی گۆڕینی هاتۆتە پێشەوە و بووە بەپێویستی. "بەڵام مارکس باسی گۆڕینی ئاو دنیا رەئاوایی دەکات زیاتر لە بیست سەدە بوو لە خوێندنەوەی بەردەوامدا بوو، هەر لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانییەوە تاکوو فەلسەفی ئەمانی هاوچەرخی زەمانی کارێ مارکس".
زۆر بەکورتی رەشنبیر دەتوانێت بەشداریی پرسەی گۆڕینی دنیا بکات بەبێ ئاوەی ئەم کارە بکاتە مەرجەکی بنەڕەتی کەسێتی رەشنبیر، بەهەمان شێوە دەتوانێت بەشداریی هیچ پرسیەکی گۆڕان نەکات بەڵکو ئاو کارە بە خەڵکانی تر بجێبهێڵێت، لەهەردوو بارەکەدا رەشنبیر ماف پەدراوە و رەگریی لێناکرێت کام ڕەگا دەگرێتە بەر. ئەم روانینەش کەمەکمان دەکات لەراستکردنەوەی ئاو خەیاڵدانەی رەشنبیر بە بوونەوەرێکی یەتەپی و سەرسوڕهێنەر چاو لێدەکات، تا ئاو رادەیەی خەیاڵدانمان دەگات بەوەی هیچ جیاوازییەک لەنێوان پیشەی رەشنبیر و دارتاش و مامۆستا و ئاسنگەر نەبینێت، چوون هەر یەکەیان بەنەرەی خەیان رەڵێکی جیاواز دەبینین لە ژیاندا، بەبێ ئاوەی کاری ئەمیان لەئاوی تریان بەبایەختر و ئەفزەڵتر بێت، بەڵکو هەموو هەر هاووڵاتییەکی سادەی کەمەگەن و وەک یەک بەشداریی دەکەن لە بەردەوامیدان و پێشخستنی پرسەی ژیان.

وتەی کۆتایی

کارل پۆپەر دەڵێت (هەموو جارێک ئەمەی رەشنبیر بووین بەهەی ترسنۆکی و پێش داوەریی یان خەبەزلزانینەوە، ترسناکترین کارەساتەکانمان بەرهەمهێناوە، ئەمە کە بەرپرسیارێتییەکی تایبەتمان سەبارەت بە نەخوێندەواران هەیە، هەروەک چۆن گەورە هزرەمەندی فەڕەنسیی ژولین بیندا وتوویەتی: خیانەت لە ئەندێشەکان دەکەین). ئەم وتەزایەی پۆپەر لەهەموو کەس پتر بە رەشنبیری کورد راستە، چوونکە رەشنبیری ئەمە ناپاکییان لە پیشەکیان و فیکر کردووە و سەرقاڵی کەمەکێک کار و کردارن کەمترین پەیوەندییان بە کەڵگەی رەشنبیریەوە هەیە، رەشنبیری ئەمە لەباتی پەکردنەوەی ئاو بۆشاییە گەورەیەی لە رەشنبیریی ئەمدا هەیە، لەبەرامبەر سیاسیەکان وەستاون، وەک ئاوەی بە تەماین حکوومەتێک لە فەیلەسووف و رەشنبیر و شاعیر پێکبهێنن "کەمارە ئەفڵاتونیەکە"، ئەم خەیاڵە نەزک و پووچەی رەشنبیری کورد تاکە ئەنجامێک کە هەیبووە ئاو بارودۆخە شێزاو و نەخوازراوەیە لە ناوەندی کولتووریی و

ڕۆشنبیریی کوردیدا سەریهەڵداوە.
ڕۆشنبیر دەتوانێت ململانێ لەگەڵ سیاسەتمەدار و حکوومەت بکات بەڵام بەچەکردنی سەنگەرەکەی نا، چوون سەنگەری ئەو باشترین سەنگەرە بۆئەوەی زانستکی تەدا بەرهەمبهێنرێت تاوەکو خەڵکانی تر لێبواری سیاسەتدا تاقی بکەنەوە و هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێ بگەڕێن بۆ هەلومەرجکی نوێ. هەروەک چۆن شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی 1789 بۆرئەنجامی تێزە فەلسەفییەکانی چەند فەیلەسووفکی وەک جان جاک ڕوسۆ و ڤۆڵتێر بوو، یان شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر ستراکتۆری ئایدۆلۆگی مارکسیزم و ڕۆشنبیرە چەپە ڕووسکان بوو. کورتییەکەی تەکنۆلۆجیاوییەکی سەیر لە ژیانی ڕۆشنبیری کورددا دەبینین بەهۆی تەکنۆلۆجیاکردنی ژیانی سیاسیی و ڕۆشنبیریی لەگەڵ یەکتر، یان ڕاستتر بڵێین بەهۆی وەرچەرخانی ڕۆشنبیر بۆ سیاسەتمەدار، یان هەندێکجار بۆ خەرخواز و هەندێکجاری دیکە بۆ شۆشگێڕ.

تێبینی: ئەم تۆژینەوەیە چاپتەری سێهەمی کتێبی "گووتاری پۆپۆلیستی و خوونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد"ە کە لە سەرەتای ساڵی 2018 بۆ شێوەی کتێبی کاغەز لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکرایەوە.

ناوی کتێب : وەهمی دیموکراسی … نووسەر : سمکۆ محەمەد

بابەت : تۆژینەوە لە چەمکی دیموکراسی و ڕەهەندکانی
نووسەر : سمکۆ محەمەد
پیتچنین و هەڵچن : نووسەر
نەخشەسازی ناوەڕۆك و بەرگ : شاخەوان جەعفەر
تیراژ : 1000 دانە
چاپ : چاپی یەکەم،



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ….

کاوله مەفتەن … عەبدولڕەحمان فەرهادی

نزیکەی بیست ساڵ دەبوو لە هانۆقەر بووم، چەند مانگێک بوو هاتبووم کار. ڕۆژێکیان سەمیر هەمەوەندیی برادەری گەورەک، هەر لە کارنەوە تێلی بۆ کردم، گوتی: برام، ئەوە موعتەسەم دامرچیی هاوڕێمان دوو ساڵ دەبێ لە کەمپەکانی ئۆرەکانەیە و هەر چاوەڕێ بوو حکوومەتی ئەڵەمان شتێکی بۆ بکەن، کەچی بەداخەوە دوای ئەم هەموو هەوڵە، پارێزەرەکەیشی هیچی بۆ نەکرا و دوێنێ ئێوارە خەبەریان داوەتێ کە ڕەفزی بۆ هاتووەتەوە، داماوە ئەویش تێلی بۆ کردم، گوتی: دوا بۆیارم ئەوەیە بگەڕێمەوە وڵات و چیتر حەوسەڵەی ئەو دەردەسەرییەم نەماوە. بۆ ئەو کێشەیەی کوڕە جوانەکەی هاوڕێی سەرەتایی و ناوەندیم موعتەسەم دامرچی، غەمێکی توند دایگرتم، بیرم لە شەوە خۆشەکانی بەیەکەوە بوونمان کردەوە لەگەڵ موعتەسەم، کە گەنج بووین، هێشتا ژنمان نەهێنابوو، ئەغڵەب ئێوارەی بەهاران، دوای مەغریب، من و ئەو و سەمیر و زەینەل قاسم کووڕەچی و خدر خەمخۆر ئازیکەندی و بیلال بێدێ گەرمیانی، بەڕەو مەحەتە شێ دەبووینەوە، تا درەنگانی شەو لە نزیك ویستگەکەی شەمەندەفەر کە دواتر کرا بە بەندیخانەی مەحەتە، بە دزییەوە بەدەم خواردنەوەوە دەماینەوە، لەوێ گومان لە قەریاتە خۆشەکانی موعتەسەم و حەیرانە پر لە غوربەتەکانی خدر خەمخۆر و ئای ئای و ئەڤا وەیسییەکانی بیلال دەگرت، خۆ گەر ڕۆژێك خدر نەهاتبووایە، ئەوا من بە دەنگە کەرخەکەمەوە دەستم بە حەیران گوتن دەکرد.

ئۆف، دەردی غوربەت و دووری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەناوم بنکۆ دەکات، مۆشکم دەکاتە خمخانە، وەیش چەندە بیری کاترە سابوونییەکانی جەلیل جامچی و نۆکاوە خۆشەکەی کەریم ئیبێ و دێندرمەکەی مام جەردیس و کۆشکەی کاڤاو و عەسەلیاتەکەی شەریف و شەربەتەکەی کاوە کەمتەرخەم دەکەم. سەمیر گوتی: برام، بە یادی جاران هەر بەم بۆنەیەوە، سبەینێ دەمەو عەسر سەعات چوار، لە دەو ئاوەکە هەردووکتان دەعوەتی منن و ئێوە هەر خۆتان وەرن و من خواردن و بیرە و ڤەدگا و لیمێ و چەرەزات دێنم و لەوێ لێی دادەمەزرێین. عەسر لە ماڵەوە بەپێ کەوتمە ڕێ، دوای نیو سەعات

گەیشتمە دەو ئاوەکە، لەو لە شوێنکی لاچەپ، هەردوو هاوڕێی دڕینم دزینەوە، دوای هەژدە ساڵ چاوم بە بینینی موعتەسەم کەن بووەوە، دوای چاکوچۆنی و ئەحواڵ پرسین و قسە و گفتولفتی خۆش و گاڵانەوەی هەندێ یادگاریی ساڵانە لەوەبەر، کەوتینە خواردنەوە، گەلێك نوکتە و قسەی خۆشمان کرد، کەشوهەواکە زۆر فێنك بوو، ئەملا و ئەولای زێیەکە پڕی خەڵك بوو، تیایاندا بوو خێی و سەگەکەی، هەبوون دوو دوو و سێ سێ بە سەگە جۆراوجۆرەکانیانەوە دانیشتبوون، هەریەکە خەریکی خواردن یان خواردنەوەش بوون، سەیرانێکی خۆش بوو و کەس ئاگای لە کەس نەبوو، تا ئاددەیەك کشوماتییەك ئەو ناوەی گرتبووەوە. دەمێك بوو گوێم لە قسەیات و مەقامات و دەنگە خۆشەکەی موعتەسەم نەبووبوو، بیرم لە حەیرانە پێ لە سۆزەکانی خدر و ئایئایەکەی بیلال گەرمیانی دەکردەوە، سۆزێکی توند بە سانی بەسەرچوو دایگرتم. سەمیر ووی کردە موعتەسەم و گوتی: دامرچی گیان، لەمڕۆە گوێمان لە قسەیات نەبووە، توخوا بێ تێی ناچریکێنی؟ موعتەسەم سەرەتا ملی نەدەدا، پاشان منیش داوام لێی کرد بیێت، ئیتر وردە وردە نەرمی کرد و لەناکاو دەستی لەبن گوێی نا:

ئەغاااام ئەغاااام

ایچم ایچم

قێی مانی ایچم ایچم

باخما اوزوم گولورو

وڕاندی ایچم ایچم.

ئەوەی سەیر و عاجباتی بوو لای ئێمە و خەڵکانی دانیشتووی ئەو ناوە، لەگەڵ هەر تەهەڵکردنێکی موعتەسەم بە قسەیات و ئەغاام ئەغاام و هەڵسانەکەی، سەگەکانی ئەو دەوروبەرە، سەگەکانی ئەو خەڵکەی ئەوێ تۆکڵا دەستیان بە حەپە حەپ کرد. هەر واقمان وڕما. لەناکاو موعتەسەم بێدەنگ دەبوو دەیگوتە من: ئەڕێ ئەوە چی بووە؟ چ قەوماوە ئەم سەگوەڕە چییە؟ کاتی خۆیشی سوعبەت و قسە و جنێوی جۆراوجۆر لە نێوان من و موعتەسەم هەبوو، ئیتر بە هەلم زانی لەگەڵە بکەومەوە سوعبەت، گوتم: کاکی دامرچی، سەگی ئەم خەڵکە بۆیە دەستیان بە حەپین کردووە، دەڵێن: ئەوە سەگێکی غەریب و تازە هاتووەتە ئەو مەنتیقەیە، ئەم ئاواز و نەوای ئەم ئەغاام ئەغاامەیان بەلاوە تازەیە، لایان حەپەیەکی نامۆیە، هەر بۆیەشە لە حەپە ناکەون. هەموو دەستمان بە پێکەنین کرد، خۆیشی بە ووکی تێکەڵ بە غەم کردییە قاقا. دەستمان کردەوە بە خواردنەوە. موعتەسەم ووی لێنام: ئەڕێ تۆش جاران ناوە ناوە حەیرانت بێ دەگوتین، ئەوە خێرە خێت کێ کردووە؟ بێ دڵدانەوە و خۆشیی بینین و بەڵکردنی موعتەسەم، نەمویست بێدەیی بکەم، بۆیە دەستم بە حەیران گوتن کرد:

حەیرااااااااان
گەوارەکی دامەزراند لە دەشتی قەراجە
تەڤ دەکا ئاقارێ مەخموری
تەڤ دەکا گومبەتی برایماغای
کەڤکی حوسێنی غازی
سەرۆکژینگ بەسەری
دەپەیامەوە لە کەڤکی کاولە تەماری
هەت دەبوو لە زوورگەزراوی
تەڤ دەکا بناری ئەنگرەزی... ئاااااااای ئایاااااای لەبەت نەمایمممممم.
لەگەڤ هەر هەسان و ئاااای و حەیرانەکدا، تەکەای سەگ دەکەوتنەوە حەپین، لەبەر سەگوەڤ ئەو ناوە دەبووە حەپەحەپ و هەرا و خەڤکەکە یەکەمجاریان بوو ئەم بەزمە لە دەو ئاوەکە ببینن، سەگی وایان تێدا بوو لەوانەبوو دە ساتێش دەبوو حەپەی نەبیستراب، ئەوجاش لە حەپین نەدەکەوت، دیسانەوە هەموو لە هەموو تەماشایان دەکردین و نەیاندەزانی مەسەلە چییە!
موعتەسەم بە پەکەنینەکی تاەوە ەووی تەکردم:
خەڤ بینیت! سەگەکان ئەمجارەیان حەپەکەی تەیان بەلاوە غەریب بوو و دیسانەوە هەر وایانزانی سەگی تازە هاتووەتە مەنتیقە. موعتەسەم بە غەمباریەکی شاراوەوە گوتی: کاکە گیان من لای خەمەوە قەبووەمە، خەزگە سەگەکی زنجیر لەملی دەست پیرەژنەکی دازاوی ئەرە بووام، بەام ئەو ەەژەم نەدیبا بگەەمەوە کاولە مەفتەن.

چاکسازی لە بەرگی پیلان سازیدا شاخەوان سەنگاوی...

هەموومان بە بە جیاوازی لە مەترسی ئەم دەخە ئابووریە تێدەگەین، کە دامەزراوەی حکومەتی هەرەمی تەکەوتووە، هەر بۆیە دەبینین چەندان نوسەر و شارەزا لە بوارەکانی ئیداری و ئابووریدا بەم ەۆژگارە پەشنیار و بابەت بە چارەسەری ئەم دەخە و ەزگار بوون لە دەوەزمەکانی داتەپینی ئابوور دەخەنە سەر سەرمەزی ئیدارەکانتان، ئەی ئەوە چی لە ماوەی بیست ونە ساە لە حکومەانیتان نەک گویتان

نەگرتووە لە کەس دڵسۆزکانی ئەم نیشتمانە بگرە لە هەندێ باردا ئەگەر باجکەی گیانی نوسەرکە نەبووبێت ئەوا بەگومان شاربەدەر کراوە، چونکە خەتان باشتر دەزانن شاباشکانی ئەوە تەنها بە ئەو بابەتانە بووە کە بە شان و باڵی خەتان و پارتکانتانا هەڵدراوە کەواتە هەرگیز لەو بە ناو نوسەرانە نابیستی پێتان بڵێ بۆری چاوتان کلیی پەوێ چونکە عاقیبەتی بەینی شاباشکانتان....
کەواتە ئەم قیرانە کەکە بووی ئێستا هی تەمەنی حکومەانیتان....
بەڵام ئەوەی دەریخست بەینی ئەو لاشاوە پارێبوو کە لە بغدادی موفلیسەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرەو هەرەسم هێچکەی دەبەست، کە ئەوەش نەتوانتانی ژێرخانی ئابووری ئەم هەرەمەی پێ بنیات بنێن چونکە ژێرخان بریتی نیە لە بالەخانە و مەدڵلست و دێیان کەنالی بە بەرهەم....
کەواتە ئەوەی لە سەر ئەم حکومەتێ بە تایبەتی تر سەرکی حکومەت و جگرکەی کە لە سەر کورسی بەوبەردنی ئەم هەرەمە دانیشتوون تەنها دوو هێگاتان لە بەردەمدایە کە دەتوانن خاڵی کۆتای دابنێت لە پڕۆسەی حکومەتداریتانە.
خاڵی یەکەم: ئەوێ بە بەوای من وەکو تاکەکی ئەم هەرەمە خاڵی کۆتایی لە سەر پڕۆسەی حکومەانی خەتان بە ماوەی ئەم ساڵە دابنێن کورسی دەساتان بە کەسانی دیکە چۆڵ بکەن تا کەسانی دیکەی تەکنەکرات بتوانێت ئەم هەرەمەمان لە گژاوی نغرۆ بوون رزگار بکات. کە ئەم خاڵیان بە بەوای من بە لایی جێنابتانەوە ئێستەمە چونکە ئەم کەلتورە لە ناو کەلتوری کوردەواری تا ئێستا جێگای خۆی نەکردەتەوە ... کەواتە
خاڵی دووەم: بەڕێزان سەرەک و جگرکەی ئەگەر ئەوە دەتانەوێت چاکسازی بکەن، ئەوا بە پیلانگێڕی چاکسازی ناکرێت چونکە قوتی فەرمانبەران نابێت دەستکاری بکرێت ئەگەر هاتوو بندیواریش بێت، بە مەرجێ کە خاوەنی یەک مووچەبێت دەتوانین ناویی بنرێت بیمەی کەمەلایەتی، ئەی ئەوە نەتاندگووت دەیکەین بە دوبەی. کەواتە باشترە چاکسازیکەی جێنابتان لەم بەشانداببێت.
خەرجیە ناپەویستەکان: بەنموونەی ئیفادی دەرەوەی کاربەدەستەکان، پێشینەی مانگانەی دامەزراوە سیادیەکان، هاوکاریەکانی جاش و مستەشارەکان کە بە ناوی میوانخانەوە ئەمە جگە لە مووچەکانیان، بەشە بودجەی پارتە سیاسیەکانتان...هتد. ئەم نموونەشی کە دەیەم مشتەکە لە نموونەی خەرجیە ناپەویستیەکانتانە کەواتە لە خەتان بپرسن خەرجی قفڵە ئەتەمبیلەکانی خەتان و جگر و وەزیر و پەرلەمانتار و هاوڕێکارەکانتان ساڵانە چەندە؟ وە بەش پرسن بارتەقای ئەو خەرجیە سود دەگێنن بە کەمێگا! کە خەشتان باشتر

دەزانن بەکوالێتی و قافڵە دوور درێژەکانی ئێتەمبیلەکانتان هەرگیز نەپارێزراو دەبن و نە خۆشەویستی نێو دڵی تاکی کوردیش دەبن.
داهاتەکان: نە بە پێوەر گرافیک و نە بە دوان و سیان ناتوانین سەرچاوەی داهاتە زەر زەوەندەکانی ئێم نیشتمانەتان بە ڕێز بکەین یەک بە دوای یەک هەر لە بیرە نەوتەکانەوە تا دەگاتە داهاتەکانی بەرێوبەرایەتی هاتووچۆکان. کەواتە داهات هەیە بەڵام ئامازی گەیاندنی ئێم داهاتە بە قاسەکانی حکومەت نیە چونکە نێک پارتەکانتان بگرێ کۆسایەتی پارتەکانیشتان هەر لە ڕێگا کورد وەتانی حەپەلوشی دەکەن.، خێر و مەندانە ئەگەر بنکەکەی بهێنەوە. کەواتە ئەوە دەتوانن بڵێن سەر شاشەی تیڤیکان وبەرامبەر بەو دەستانە کە بە ماوەی بیست و نە ساڵێ پارەی ئێم هەرەمە لە گیرفانی ئێواندا پاشکەوت دەکرێت نێک بانکەکانی حکومەت هیچ نا بەس بڵێن STOP ئیدی نەبەی میلەتە لە خەروبەری ئێم نیشتمانە گەروی وشکیان تێ بەبە، چونکە دەبێت چاکسازیەکەتان لە هەڵەمی دەساتەکانتانەوە شڕ ببێتەو بە ئەمەی هاولاتی کەواتە خەتان خاڵی یەکەمی چاکسازیەکەبن…

تێبینی:ڕەکخستنی خاڵەکان گرنگ نیە بەڵکو ئەدای جێبەجێکردنی گرنگە.

شاخەوان سەنگاوی
shaxewan.saed@gmail.com

میللەتی یەکێتی و پارتی … ئالان شەماڵ

هەندێکجار غرورێکی هەڵخەڵەتێن وامان لێدێکات چاومان راستی نەبینێت و تێنانێت دانیشی پیا نانین گەر کەسێك باسی بکات، ئەمەش بە ئەوەدەگەڵتەوە کە وابزانین گەر کەسێك ڕەخنەمان لێبگرێت ئەوا جنەومان پێدەدات، کە لە راستیدا وانییەو بەڵکو تەواو پێچەوانەیە، هەموو گەلانی دنیا بە ڕەخنەکردن پێشدەکەون ئەو کاتی خاڵە لاوازەکان دەستنیشان دەکەن و هەڵغاچارەی بە دادنێن، پێرۆش بە خاڵە باشەکان دەدەن.

ئەمەی میللەتی کورد بەداخەوە لەم چەند سالانەی دواییدا بە داخەوە بە شێوەیەکی هەمەکی ژیانمان کرد و سوودمان لە دیاردەی جهانگرایی نەبینی ، ئەمەش وای لەکردین شتەکان وەکو خۆیان نەبینین و حەقیقەتمان لە بزر ببێت، هەکەشی چی بوو؟ هەی سەرکی دەسەڵاتدارانی سیاسی بوون چونکە هیچ بەرنامەیەکی خزمەتکردنیان لە هزردا نەبوو جگە لە بەرژەوەندی حیزبی خۆیان، تا کار گەیشتە ئەوەی هەموو هەکارێکی نا یاسایی و نا مرۆڤانە لەم پێناوەدا پێیەو بکەن تاکو کەنتڕۆی خەڵك بکەن، ئینجا بە خۆشی بێت یان ناخۆشی، یەکەك لەو هەگایانەش بەکاریان هێنا کەینی وەلائی هەندەك خەڵك بوو بە پارەو بەرژەوەندی تاکەکەسی، بە بینەوەی موچەی بندیوار بە کەمەك خەڵك، لەولاشەوە یاسایان پشێل کردو خوێندن و پەروەردەو تەندروستییان وێران کرد، چونکە خۆیان گەندەڵ بوون ئیتر چاویان لە هەموو فەڵ و قەڵبەین و هەڵخەڵتاندنەکان داخست کە خەڵك پێی هەڵدەستا، بۆشیکی باشی میللەت کە بە مالی فەرهودکراو گۆشی بە ژیانی خۆی دا وردە وردە لەسەر ئەو بنەما چەوتە بەیوەچوو تا کار گەیشتە ئەوەی بەواری گەانەوەو پشیمانبوونەوەی لەبەردەمدا نەمێنێت، لەولاشەوە دەسەڵات دەرگای یارمەتی و موچەو تەماع و واستەو موعامەلەی ژێربەژێری بە هەندەك کەس وا کردو ئەو خەڵکەی تریش بە حوکمی چاولەکەریی و هەڵغەانی هەندەك کەس لە ماوەیەکی کورتدا وای لەمان کرد ئەمانیش بەوەی لە ژێردەستیاندایەو تا هەزیان تیایە هەوە بدەن بە هەر هەگایەك بێت خۆ دەوەمند بکەن، ئیتر کەمەگا بووە جەنگەستان و هەر کەس بە خۆی، کە لەمەشدا هەموان ئەستا بەری ئەو هەانە دەچنەوە، هەموان پەکەا بایی بوون و گاتەیان بە دەفتەر دەلار دەکرد کەچی ئەستا ئاواتیانە یەکەم موچەی ساڵی ٢٠٢٠ وەربگرن و بەدەنگ ببنەوە بەو موچەیە، وەك ئەوەی هیچ خەمەکی گەورەو کەشەی چارەنوس سازو مەسەلەی بنەڕەتی ژیان نەمابێت کە هەوەی چاکردنی بدەن، وەك ئەوەی هیچ خەمەکی تر لە کەمەگاو یاساو ئیدارەو ئابووری و سیاسەتدا نەبێت جگە لە گەرمکردنەوەی گیرفانی موچەخۆران، کە نیوەی زیاتر وەك کەینەوەی وەلاء دامەزرێنراوە بە ئەوەی هیچ ڕەکیان لە پارەی ئابووری بەیوەبردندا هەبێت، کەواتە لەرەوە دەردەکەوێت کە هەموان تاوانبارن لە خولقاندنی ئەم دەخە، هەموان خەمسارد بوون لە قبوڵکردنی ئەو جوت حیزبەی بە قەد رژێمی سەدام حوکیان کردووەو هیچ قەوارەیەکی یاسایی و دەوەتیشیان نییە ، لەرەوە تەو وشك پەکەوە دەسوتێت، دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین هەر یەك بە جۆرێك بەشکی لەو گەانکاریە بەردەکەوێت کە نەیکرد، هیچ میللەتێك بە موعجیزە ناگاتە ئاواتەکانی گەر ئەندامانی کەمەگاکە بە هەست بە

بەرپرسیاریەتیەو هەوڵی چاکسازی نەدەن، نەك هەر یەك چاوەوان بكات ئەوی تر غافڵ بێت و پشتی بشكێنێت، لەمەدا كەمەگا دەبێت بە جێنگەستان، لەو حاڵەتەشدا زەر زەحمەتێ راستكردنەوەی باری ئەو كەسانەی كە خراپەو قەبەین و زوڵم و ناحەقی دەبێتە خوویان و هەرگیز ناتوانن دەستبەرداری ببن، من كاتێك ئەم نووسینە دەنووسم یەكەمجار لە خەم و كەسانی دەوروبەرو خزم و براو خوشكی خەمەوە باسیان دەكەم، هەرچەندە ئینتیماشیان بە هیچ حیزبێك بنەبەت بەڵام هەر تاوانبارن بە ئازی بوونیان بەو دەخەی ڕژ بە ڕژ بەرەو خراپتر دەچێت، ئەمە ڕاستییەكەو بەس مرۆڤی عاقڵ دانی پیا دەنێت و سوودی لە وەردەگرێت، ئیتر بەیارەش دەگەتەوە بە خودی كەسەكان، هەیە حەز دەكات هەر لە گەڵاوژەدا ژیان بكات و هەشە لە تاریكیدا نەخشەكانی جەبەچی دەبەت، ئەگینا دەبەت هەمووان وەك یەك بە یەكسانی ئەرك و مافیان هەبێت، هەر لە وەزیرەوە تا گزیر، دەزانم ئەم ڕاتیانە هەمووان دەیزانن بەڵام وەك بابەتێك و ناونیشانێك حەزم كرد یادی هەمووان بخەمەوە.

كوڕەری خیاڵ … شوان ءەباس بەدری

1
خەزگە بمتوانیبا
سەدای پەكەنینەكانی نەنكم
لە پاڵ وەنەی زەردخەنەكەی باپیرما
لە ناو ئالبومی یادەوەریەكانما
هەبگرتایە !
2
خەزگە بمتوانیبا
لە ناو باخە مین ەڕژەكەی خاك و
خاكە هەنسكە ئامێزەكەی نیشتمانم
داری پەلكە زێرینەم بچاندایە و
لەبەر قاپی هەر ماڵەكا
سەبەتەیەك خەندەم دابنایە !

3
خۆزگە بمتوانیبا
سلەمانی
هەر وەک سەرپۆشکەی دایکم
لەناو جانتای سەفەرکەم هەڵگرتایە و
لەم غوربەتە
بە بۆنی ئەوارانی پارکی نالی
و
بە دیار تەنیاییەکانمەوە
ساڵە بەهودەکانی زەمینم تەی کردایە و
بەڵشتمایە !

بیرکردنەوەی بەهەڵە و نادروستی مرۆڤەکان لە یەکتری !...ئاری زۆندینی

مرۆڤ ئەو کائینە عەجیب و غەریبەی سەر ئەم زەویە ! کەلەلایەن خوداوە خولقێنراوەویانیش دەڵێن بە سروشتی خۆی خوڕقاوە ! دواتر هەست و عەقڵی پەیداکردووە ئێستاش سەرباری ئەوەی هەست و عەقڵی هەیە بەڵام لە هەموو زیندەوەروگیانداروپەلەوەرئاژەڵەکانی سەرزەوی کەوتووەتە ناڕەحەتی وگۆڕاوی ئەم دونیایە بە دەست مرۆڤ خۆی نەوەك زیندەوەروگیانداروئاژەڵەکان ! ناڕەحەترین گۆڕاووئالنگاری و سەختی ئەوەیە کە (بە هەڵە بیردەکەنەوەلەیەکتری) ئەمەش لەئەنجامی یەکترنەناسین ونەبوونی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بۆیاروحوکم بە سەر یەکتر دادەبارێنن ! مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەران و گیاندارەکان بەگشتی سیستەمی پێکهاتەی لەش و فسیۆلۆجی یەکە بەڵام کۆنتڕۆل کردن ئەمانە زیاتر لای مرۆڤە ئەو کۆنتڕۆل و سیستەمە پێی دەڵێن (عەقڵ) مرۆڤ بە عەقڵ لە وانیتر جیا دەبێتەوە .
لەسەردەمی رابردوو هەر وەهابووەو ئێستاش پاش پێشکەوتنی مرۆڤەکان لە ژیانی شارستانی و تەکنۆلۆجیا عەقڵ کەمتر دەتوانێت کۆنتڕۆلی ناسینی مرۆڤەکان بکات هۆکارەکەش مرۆڤەکان خۆیانن ! لە ئەنجامی

نەبوونی پەیوەندی و دووری لە یەکتری بەلکو پەیوەندیەکی سەرپێیانەوناسینکی سەرپێیانەیان هەیە لە گەڵ یەکتر هەر چەند ئەگەر ئەندامی یەك خێزان وهاوڕێ و خزمی یەکتربن ئەساس ئەوەیە باش یەکترناسن و دوورن لە یەکتری ! پەیوەندی و هەلسوکەوتی ئەندامانی یەك خێزان جیاوازی هەیە لەگەڵ دەرەوەی خێزان پەیوەندی و هەلسوکەوتی نێوان خزم وکەس جیاوازی هەیە لەگەڵ دەرەوەی خزم و ناسیار پەیوەندی و هەلسوکەوت لە فەرمانگەوقوتابخانەش جێریکیترە ناچێتە چوارچێوەی لێکدانەوەبیرکردنەوەی زانستیانەومەنتیقیانە, بۆچی؟ لەبەر نەناسین و لەیەکتردووری مرۆڤەکان با ئەندامی یەك خێزان و دەست و خزمی یەکتربن ! هەروەکو چاو شتێك چەند دووربێت باش ناسینی زەحمەتە عەقلیش بەوشێوەیە مرۆڤەکان چەند لەیەکتر دوورین کەم کاردەکات یان هەڵە کاردەکات لە ئەنجامدا مرۆڤەکان هەندێکیان بۆ عەقڵن هەندێکیان نەزانن هەندێکیان کەرن هەندێکیان قەشمەرن هەندێکیان هیچ وپوچن هەندێکیان نامەردن هەندیکیان گەوادن و قەپەوبۆ ناموس و حەسودن و شێت و تەواونین ! بەڵێ ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی بەهەڵە بیرکردنەوە لەیەکتری و نەناسینی یەکتری لە یەکتردووری مرۆڤەکان,لەیەکتردووری مرۆڤەکانیش هێکاری هەیە هەروەك کێمەلگەی ئەوروپاوئەمەریکا لەبەر سەقالبوون بە ئیشوکاری رۆژانە خەریکی کارکردنن بەڵام لەکێمەلگەیەکی هاوشێوەی ئێمە بەئەنقەست و بەبەرنامەیە حەز بەدوورکەتنەوەدەکەن هەر کاتێك دوو دڵاری زیاترەودەوڵەمەنترە یان کاربەدەستە لە حیزب یان حکومەت خۆی لە مرۆڤەکانیتر باڵاتر دەبینێت , بەڵام حەقیقەتی مرۆڤ لێك نزیکبوونەوەوتێکەڵاویە نەوەك دوورکەوتنەوەوخۆبەلاوەنان ! باشترین مرۆڤ هەیە بووەتە خراپترین مرۆڤ ,زیرەکترین مرۆڤ هەیە بووەتە بۆ عەقڵترین مرۆڤ یان بووەتە قەشمەر یان گەواد یان شێت یان دووڕە لە خەڵك کەچی ئەمانە هەمووی بیرکردنەوەی هەڵەوسەرپێیانەیە ! مرۆڤ گەر لە نزیکەوە نەیناسی و نان وئاولەگەڵ نەخۆی وگەشتی لەگەڵ نەکەی و هەموو رۆژیك بیبینی وەك جیران و هاوسێ زۆر زەحمەتە بۆیاڵی لەسەربدەی هەرچەندە تاڕادەیەك لە زانستی کێمەڵایەتی و دەروناسی دەتوانرێت مرۆڤەکان بناسرێتەوە هەرچەند ئەگەر درۆوسیناریۆ پێشکەشی بەرامبەری یەکتربکەن ! ئەمانەش هەمووی لەکێمەگەیەکی ناسەقامگیر دێتە ئاراوە هەروەك ئەو کێمەگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی زۆربەی تاکەکان و خێزانەکان بەگشتی کێمەگەکە بەئەرکی مرۆڤبوون هەناستن و وەکو مرۆڤ هەسوکەوت ناکەن لەبەر کێشە ئابووری وسیاسی و کێمەڵایەتیەکان بووەتە هێکاری سەرەکی کە مرۆڤەکان دوورین لە یەکتری ! هەرکەس یەکتری تێمەتبارناوزەدەکات بەوەی فلان (شێتە, گەوادە, بۆ

عەقڵە, تەواونیە , کۆشەی هەیە , حەسوودە , حەزی لە پەیوەندی نیە ,لەگەڵ خەڵك ناگونجێ , خۆپەرستە , دزە,قوندەرە,مۆبازە , حیزە,بێ دینە,قەرزارە,بێ پارەیە ,بێ تەبیعاتە, ئیتر...) کەچی زۆر دووڕە لەو سیفەت و بیرکردنەوانە ! مرۆڤ هەیە لای خۆزان و حزم وهاوڕێکانی جۆرێکە لای هەندێکیتر جۆرێکە لەفەرمانگەکەی باشترینە لای خزمانی خراپترینە لای خۆزانەکەی جۆرێکیتر لای هەندێکیان قسەخۆشە بە گاڵتەوگەپە لای هەندێکیان کەم دوو و قسە نازانێت ! ناخۆشترین و گرنگترین شت ئەو مرۆڤانن کە ستانداروکۆنکریتین و ڕاستگۆودرووستن لە پەیوەندی و خۆشەوشت وعەقڵ کەچی ئەو سیفەت و بیرکردەوانەیان بەسەر دادەسەپێنرێت (هەرچەندە مرۆڤی دووڕوەهەزارڕووش هەیە سیناریۆتەمسیل دەکات ئەوەیان ناڵێم) ! ئەمەش هەمووی لەبەر نەبوونی پەیوەندی و دووری لە یەکترە بیرکردنەوەوتۆفکرینەکان لەیەکتری هەڵەیە ! لەئەنجامدا دەبێتە سووککردن وناشرینکردنی مرۆڤەکان بە هەست و بەدەست وعەقڵی مرۆڤەکان خۆیان . لێرەدا جیاوازی ئاژەڵ و مرۆڤ دەردەکەوێت مرۆڤ عەقڵ زۆر بەکاردێنێت سیستەمی مێشك ماندوو دەبێت کەواتە هەموو بیرکردنەوەوحوکم وبڕیارێك دوور لە مرۆڤەکان لەیەکتری (سەدلەسەد 100%) دروست نییە و پێوەر نییە لای هەرکەسەو ئاژەییە یانیش میزاج و بەرژەوەندی و ناشیرینکردنی مرۆڤەکانە بە ئەنقەست ! زانایەکی کۆمەناسی ئینگلیز دەڵێ : (ئەوە کێشە نییەوئاساییە مرۆڤەکان لێك تێناگەن بەکو ئەوە کێشەونائاساییە مرۆڤەکان بە غەڵەت لەیەکتر تێدەگەن) .

وردە باس ... پشکۆ ناکام

- هیچ شتێک ئەوەنە نامهێنێتە پێکەنین بەقەد ئەوەی کە باس لە یەک ریزی کورد ئەکرێ بە تایبەتی لەلایەن بنەماڵە و پارتی پاشکۆیەوە کە بەردەوام دوای هەر خروقات و فەزیحەیەکی سیاسی و نیشتمانیی دەست ئەکەن بە لێیانی دەهۆڵی یەک ڕیزی بە لەبیربردنەوی فەزیحەکەیان ، ئاخر تۆیەک کە هەرچی داڕاتی ووڵاتێ بەتاڵانت بردوە و بت بکرێ چەم و جگۆ و دارستانەکانیش ئەفرۆشی و پارەکەی ئەخەیتە تەنکەی باختەوە داوای یەک ڕیزی لەخەڵک ئەکەیت ؟!! یەک ریزی تاک لایەنی؟

یەکریزی بەتاڵان بردن و دزینی قووتی خەڵک ؟ یەک ریزی بەگژا چوونی پارچەکانی تری کوردستان ، ؟ یەک ریزی وێران کردنی ئابووری کوردستان؟ تۆ بە کام رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە داوای یەک ریزی ئەکەی لە کاتێکا لە بەغا جگە لەسەنگاری پەرژەوانی بنەماڵەیی و حیزبی هیچ سەنگارێکی ترت نیە ، تایەک کە ئامادەی لەسەر دانانی وەزیرێکی کەیلەی بنەماڵەکەت دونیا وێران بکەیت" دیارە هەر بە قسە" و ئامادە نەبیت نەوت رادەستی ناوەند بکەیت ومیللەت و مووچەو بژێوی خەڵک بخەیتە ژێر پێتەوە ، چۆن داوای یەک ریزیم لە ئەکەیت ؟ رەنگە هەندە بەچوونت هەبێ زەمانی رایات و گەلاڵە بیخواردایە بەنام ئیستا ناخوات وئەو چکلێتە با هەر لە گیرفانتا بێ و دەریمەهنێ و ووریابە تەکەڵەی دڵارەکان و نەوتاویی نەبێ .پەوڕی یەک ریزی نیشتمان پەروەری و ئینسان دەستیێ ، سەیرێکی خۆت لە ئاوێنەی مێژوو بکە بزانە ئەو پەوڕانە تۆ ئەگرێتەوە؟!ئەوەی داوای یەک ریزی ئەکا ئەبێ جیاوازی نێوان ئاشبەتاڵ و هەرەس ، داگیرکەر و دەستی بنەماڵە ، دزی و خۆر ، خەسپێنەر و هەڵبژێراو ، تازویر و سەرکەوتوو بزانێ تا جێی متمانەی خەڵک بێ لەو یەک ریزییە ، یەک ریزی زەرورەتێکە بە دانانی میللەت لە پلەی یەکەما ، کە بنەماڵە چووە پلەی یەکەم یەک ریزییەکە خزمەت بە بنەماڵە ئەکات نەک میللەت ، ئەو جارە یەک ریزییەش لای میللەت مەرفووز و سەرچاوەیەکیشە بە خۆو بینین بە یەک ریزییەو..منەک خەڵکی شارێک کە زیاتر لەدووسەد ساڵە خوێنی لێئەتکە ..فرمێسک ئەڕژێ ، ویران و کاوول ئەکرێ ،، ئابڕوقەی لەسەر دائەنرێ ، بە لەگەڵ بنەماڵەیەک یەک ریزبم کە بەتەنگ مێژووی پێ شکڵی شارێکەوە نەیەت ،بۆ؟

- کەرس لە گرانیا ئەو کەسانەن لە پشت گرانی بژێوی کەپلەی گرانییەکە وەک خەی ئەنجنەوە و هونەرێکی باوە ، بەنام کە لە سیاسەتا کەرس هەبووە مەسەلەکە ئەگەڵ وەک ئەوەی لە گاتەجاڵی پارلەمانە کارتەنییەکەی هەولێر دیمان کە چۆن کەرسێک بەناوی " کەتا کورسییەکانی پێکهاتکان" ڕەک ئەوەی بنەماڵە و پارتی ویستیان ئەوانیش بە کەم و زیا هەمان کەپلەیان ووتەوە ،!! ئاخر کەسێک بە سەسەد دەنگی تازویر بکرێتە کەرس لە پارلەمانا چ مەترسییەکی گەورەیە بە سەر دیموکراسی و سەربەخۆیی بیرکردنەوە و بریاریان ، جا بنەماڵە کە خۆیان بە تازویر لە پارلەمان زەرینەن ئەم کەرسەش بەتازویری ئەوان چونەتە پارلەمان بەنام وەک کەرس لە ریزی

پشتەوە ئەبێ چ مەهزەلەیەک لەو پارلەمانە ڕووبات ؟ گەر دیموکراسی بێ غەیرەت خەی پیا کرد شکم نیە خەی ئەکوژێ.. خە سبەی بنەماڵە بریاری ئەوەی هەرەم بخرێتە سەر تورکیا بخاتە پارلەمانەوە بە هەمان دەنگی گروپی کەرس تێئەپەڕێنرێت..یان سیستەمی پاشایەتی/ بنەماڵەیی بخرێتە دەنگ یانەوە بە هەی گروپی کەرسەوە جارێکی تریش ڕووی مێژوو و دیموکراسی ڕەش ئەکەنەوە ، پارلەمانێک خەی کارتۆنی بێ ، ئەو گروپی کەرسەش جگە لە "کاغەز" چی تر نیە لەناو ئەو کارتۆنیا..

- جوزەلەژن و شایەرکانی دەسەڵاتی هەرەم ئەونێ بە هاتنکایەی مەسەلەی لامەرکەزی بە سەمانی سەغڵەت بوون کە جار و بار قسەی زەر عەنتەکە ئەکەن وەک: پاراستنی یەک پارچەیی خاکی هەرەم وەک ئەوەی تاپەی ئەم خاکە وا لە قاسەکانی بنەماڵە و لەگڵە داهاتی نەوتا هەڵگیراوە !! تەناگەم ئەی هەر هەمان خاک نیە کە پە کراوە لە سوپای تورکی؟ هەر هەمان خاک نیە کە سی و یەکی ئاب کرا بە میوانخانەی سوپای بەعس ؟ هەر هەمان خاک نیە لە ریفراندەمی جوانەمەرگا تا پردە رایان کرد دەست و ئاشنا نەبونایە هەوڵەر ئەخرایە سەر مادەی سەد و چل..

کە دوو برا لەیەک ماڵا ئیدارەیان نەکرد پەکەوە ئەبە هەر یەکەیان ماڵی خەی هەبە ، جا ئەمە کە" براەش نین بە ئەبە هەر لە یەک ژووڕا بین کە بە درێژایی مێژوو هەوە دراوە و هەموو ئەگەرەکان تاقی کراونەتەوە و سەرئەنجام هەر بە ەک (نە) کەوتن تەواو بوە ، ئەمە لەسەر قسەکەی سەرکی بنەماڵە کە ووتبوی : ئەمە لە ماڵی خەمان و ئەوانیش لە ماڵی خەیان ئەڵێین : زەر سوپاس ئەزبانی بە ئەو ئامێژگاریە و بە یەک جار بەقسەت ئەکەین و ئەمە ئیتر لەماڵی خەمانا دائەنیشین و بە لامەرکەزییت ئەسپەرین...

تاەموەکانی ژیان ... شیعری /

نەوزاد بەندی

• بەیاخکردنەوەی ژەنگەکان –

خەم وا یەکا هەواشی کەوە
ئاوەستم و
دانیشم لای ..
چای لەگەڵا بخەوە ..
یەاخر یەمە سەر بە مەملەکەتی خەمین
سەر بە مەملەکەتی خەم ..
خەم ئامانیەکەشە
خەم شتمان فەر یەکا
خەم بەسەرمان یەکاتەوە
خەم ژیرمان یەکاتەوە
خەم بەنەمان بە ڕەک یەخا
خەم فرمێسکەکانمان یەسڕ و
لە نزیکترین کافیتریا ،
دەعوەتی چایەکمان یەکا ..
تەنانەت خەم گەلە جار
دەخەشمان یەکا ..!

⋆ ⋆ ⋆

• پیاوەک ، لە دەرەوەی بازنەکان – یەا یەستا من لەو پیاوانەم

یەکەنە دەر ،
مەبایلەکانیان بیر یەچێ ..!
تەر خەو یەبن ،
جا یەزانن ،
نوێژی عیشایان ڕەیشتووە …
لە دوای حەوت ڕۆژ
جا یەزانن ،
هەفتەیەک
یەاهەنگی لە دایکبوونیان ،
بەسەرچووە ..!

یەو پیاوانەی

بە دەست کردنەوەی برغویەک
دەش دایەمنن ..گیر یەخن ..
کە خەیان جوان یەگرتن و
پیش یەتاشن ..
عەتر لە خەیان یەدەن و
نایشزانن بۆ کوێ بۆن ..!

من یا یەستا لەو پیاوانەم ،
لە دەیانا ،
ژوورەکی تازە شک نابەن،
لەگەڵ یەودا
چایەکی تیا بخەنەوە ..
هەمووی ژووری شەدار و
گسک نەدراو و
داوخاوە ..
کاشەکانی دەبە بوون و ..
بەیاخی دیوارەکانی
هەڵیانداوە ..

من یا یەستا لەو پیاوانەم ،
لە پەا عاشق یەبن و
خەونی ڕەنگا و ڕەنگ یەیانبا ..
لە دوای ساتە ،
بە ماندوەتی یەگەڕنەوە
زەنگاوی
ڕەژەکان و ..
لە ژێر لەوەوە هەزار جار
بە خەیان یەڵێن : هەی دەعبا !
تە وعاشق ، کوجا مەرحەبا !!

من یا یەستا لەو پیاوانەم ،
سەوزە فرەش و غاز فرەش
یەیخەوتنن ..
کتەب یەکەن و نایشزانن ،
کەی دەنکە تووی
ووشەکانی
بتەکنن ..

من یەا یەستا لەو پیاوانەم

⋆ ⋆ ⋆

▪ تەواو –

تەواو ..یەکلایی بووە ، عەراق ١٥پارێزگا و ٣ کەمپە ، کەمپی هەولێر و کەمپی دهۆک وکەمپی سلێمانی

⋆ ⋆ ⋆

▪ دایک –

قۆناغێکی بە درگا و پەنجەرە..
پە درگا و پەنجەرە ..
بەبە تەنانەت یەک پاسەوان ..
سیخناخ لە سەرباز و تیر هاوێژ ..

بە درگا و بە پەنجەرە : بە پاراستنی تە ..
پە درگا و پەنجەرە : بە گۆانەوەی تە ..
بە پاسەوان : بە یەارامیی تە ..
پە سەرباز و تیر هاوێژ : بە بەرگریی لە تە ..

⋆ ⋆ ⋆

▪ پەرتەت –

هەموو
دەستی لە دەستی
مولازم موحسینەکدایە و ..
مەشکیشی
پەە لە ساندرەلا ..!